پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی (١٦)

## گەشتێك بە نێو جیهانی

# دڵ و دەرووندا

نوسینی

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان



بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على فاتح أبواب القلب، ومنور الصدور، سيد الأولين والآخرين، حضرة محمد وآله وصحبه أجمعين.

أما بعد:

خۆشەوستان: دەروونناسان زۆر هەوڵیانداوە تا لە جیهانی ژوورەوەی خۆیان تێبگەن، هەیە مۆفەق بووە، هەشە مۆفەق نەبووە، هەر یەکەیان چ لە ڕێی خوێندنەوەی کتێب، وە چ لە ڕێی ئەزموونی ژیانی خۆیەوە شتێك بخاتە سەر خامەو خزمەتی موسڵمانان و مرۆڤایەتی بکات بە گشتی، بەندەش وەکوو قوتابییەکی

بچووکی ڕێگای دەروونناسان هەوڵمداوە شتێکی جیاواز، وە هەمیش پوختەی خواناسی و خودناسی و خەڵك ناسینم خستووەتە بەردیدی ئێوەی خۆشەویست لە ڕێگەی نوسینی نۆهەدو نۆ ڕێساکەی دڵ و دەروون و لەوحەکانی ژوورەوەی مرۆڤ و دەرکەوتنی شتەکان لە نێویاندا، وە هەروەها دونیای فراوانی خەون، جا گەر بەوردی بیخوێنیتەوە بێ ئیحتیاجت دەکات لە زۆربەی کتێبەکان ئیللا کتێبی خوداو پێغەمبەرەکەی نەبێ ـ صلى الله عليه وسلم، هەوڵمداوە گەشتێکی خێرا بکەین بە نێو جیهانی دڵ و دەروون‌دا، هەتاوەکوو تامی دلۆپێکی سازگاری مەعریفەت بکەین. هیواخوازم ئەو کتێبە

قەبارە بچووکە خوای گەورە قەبووڵی بکات و ببێتە جێگای ڕەزامەندی خۆیی و خۆشەویستە نازدارەکەی، وە پێشکەشی دەکەم بە دایك و باوکم و جەنابی شێخ عباس سەید فازڵ حەسەنی، چونکە کەسانێکن فەزڵ و چاکەیان لە هەژمار نایەن بەسەر منی بەندەوە، خودای گەورە پاداشتی بەخێریان بداتەوە، وە لە کەم و کوڕیەکانیشمان ببوورێ.

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان

عێراق ـ هەولێر

٢ـ٣ربیع الأول ـ١٤٤٢

٦ـ١١ـ٢٠٢٠زاینی

# خەون چیە؟

# وە چۆن خەونەکانم لێکبدەمەوە؟

## پێناسەی خەون

جوانترین و ڕاستترین پێناسە کە بۆ خەونی بکەم ئەوەیە، خەون: (بینین و بیستنی کۆمەڵێك کۆدە بە شێوەیەکی کرداری چ لە دونیای مێشك، وە چ لە دونیای دڵ، وە چ لە دونیای ڕۆح وە چ لە دونیای نەفس لە لایەن ئەوکەسەوە).

## تێگەیشتنێك لە خەو

خۆشەویستان: خەون لە خەوەوە هاتووە، کاتێ مرۆڤ خەوی لێ دەکەوێ و شتگەلێك

دەبینێ و دەبیستێ، ئیتر ئەو بینین و بیستنە پێی دەڵێن خەون، جیهانی خەون جیهانێکی کۆدو شیفرەیە، بەڵام جۆری شیفرەکە بیستن و بینینە واتە: کرداریە، بەر لەوەی باسی کردارییەکە بکەین سەرەتا پێم خۆشە لە خۆمان تێبگەین، مرۆڤ لە جەستەو ڕووح و دڵ و عەقڵ و نەفس پێکهاتووە، وە زائیدەن دروستکراوێکی تری لەگەڵدایە کە پێی دەگوترێ: شەیتان، جا هەریەکەیان پەیوەندیەکی سەربەخۆو گشتیان بەیەکەوە هەیە کە بەم شێوەیە:

١ـ دڵ لەگەڵ ڕووح: ڕووح سەرەتا لەناو دڵدا بڵاودەبێتەوە بۆ ناو جەستە، وەکوو چۆن

گلۆپێك لە سووچێكی ژوورێكدا پێ دەكرێ و ژوورەكە ڕووناك دەبێتەوە، دڵی جەستەیی جیاوازە لەو دڵە لەتیفەییە ناسكە بوخاریەی كە لە ڕووحی مرۆڤدا هەیە، چونكە ئەم دڵە دوای مردنیش هەر لەگەڵ ڕووحدایە، جا ئەو دڵە لەتیفەییە پەیوەندی بەدڵی ماددیەوە هەیە. دڵ: ڕۆڵی خۆشەویستی و ڕق لێ بوونەوەو چەندەها سیفاتی تر دەگێڕێ بەیارمەتی جوڵانەوەی ڕووح، چونكە ڕووح بۆ ڕاگیركردنی جەستەیەو مواصەفاتی ڕووحی مرۆڤ لە مواصەفاتی ڕووحی فریشتەو گیانداران و ئاژەڵان بەرزترە، ئەمەم لە پەیامی (سزای نێو گۆڕ لە نێوان شەرع و

عەقڵدا) باس لێوە کردووە، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ.

٢ـ دڵ لەگەڵ نەفس: لەتیفەی نەفس کە لە نێو ڕووحدایە مواصەفاتی حەزو ئارەزووەکانی زۆر نزمترە لە چاو نەفسی ماددی کاتێ کە وەفات دەکات ئەو کەسە، بۆیە کە یەك دەگرێ لەگەڵ جەستەیەکی ماددی مواصەفاتی حەزو ئارەزووەکانی زۆر بەرز دەبێتەوە. لێرەدا نەفس کاری حەزوو ئارەزوو شەهوەت دەگێڕێ.

٤ـ نەفس لەگەڵ ڕووح: نەفس لەبەرئەوەی کانگای حەزو ئارەزوو شەهوەتە خودا قسەی لەگەڵ نەفسەو ئەو بە بەرپرسیار دەزانێ لە

پیسی و یەقین بوونیدا، هەربۆیەش کاتێ کە دەمرێ گوفتار لەگەڵ نەفس دەکات، چونکە ڕووح بەبێ هەبوونی نەفس و دڵ و عەقڵ لەنێویدا ئاگای لە خۆ نابێ.

٦ـ عەقڵ لەگەڵ دڵ: عەقڵ ئەو زانست و مەعریفەیە کە مرۆڤ هەست بەبوونی خۆی و شتەکانی تر دەکات هەم لە ڕێی نەزەریەوە وەهەم لە ڕێی عەمەلیەوە، وە دەشتوانێ گەشە بەعەقڵ بدرێ لەڕێی بیرکردنەوەو ئەزموونەوە، وە عەقڵ لە ناو سەرو هەم لە دڵیشدایە، واتە لە نێو هەردووکیاندا بوونی هەیە، کاتێ کە مرۆڤ دەمرێ ئەو ڕووحە هەست بەبوونی خۆی دەکات بەبەڵگەی قورئان

و سوننەت. کەواتە عەقڵ لەتیفەیەکی ناسکە وەکوو بوخارێکی نوورانی وایە لەنێو ڕۆحدا کە ئەویش پەیوەندیەکی لەگەڵ مێشکی ماددی و دڵی لەتیفەیی و ماددیدا هەیە. ڕۆڵی عەقڵیش زیاتر هەست بەبوونی خۆی و بیرکردنەوەی زانینی شتەکانی دەوروبەرە.

٨ـ عەقڵ لەگەڵ نەفس: لەتیفەی عەقڵ پەیوەندی بە لەتیفەی نەفسی و ماددیەوە هەیە، هەر ئەوەشە وا دەکات کە عەقڵ بیرکردنەوەکانی تێکەڵ و پێکەڵ و پێکپڕژان و شپرزە بێ، بۆیە لێرەدا کاریگەریەکی زۆری لەسەر خەون هەیە.

١٠ـ ڕووح لەگەڵ جەستە: پەیوەندی ڕووح بەجەستە پەیوەندیەکی هەتایی نیە تا بە نەمری بمێنێتەوە، کاتێ کە مەکینەی دڵ لەکار دەکەوێ ڕووح پەیوەندی بەجەستەی ماددیەوە نامێنێ.

١١ـ نەفس لەگەڵ جەستە: هەم نەفسی ماددی وە هەم نەفسی لەتیفەیی بوخارەکەی نێو ڕووح پەیوەندیان بە جەستەوە هەیە، بەڵام کە هەموویان یەك دەگرن مواصەفاتی نەفس بەرز دەبێتەوە بۆ حەزو ئارەزووەکان، بەڵگەش مرۆڤ کە بە ڕووح دەچێتە بەهەشت مواصەفاتی حەزو ئارەزووەکانی وەکوو ئەوە

نیە کە بەجەستەو ڕۆح دەچیٚ چونکە لە کەماڵیٚکی ڕیٚژەیی نەفسیدا دەبیٚ.

١٢ـ دڵ لەگەڵ جەستە: چ دڵی لەتیفەیی، وە چ دڵی ماددیەکە پەیوەندیەکی توندو تۆڵیان بەیەکەوە هەیە، کاتیٚ کە دڵە ماددیەکە دەمریٚ دڵی لەتیفەیی نیٚو ڕووح هەر لەگەڵ ڕووحدایە.

١٣ـ عەقڵ لەگەڵ جەستە: ئەمەشمان باسکرد.

١٤ـ ڕۆح لەگەڵ ئەمری خودا: ڕووح لە ئەمری خودایە، وە دروستکراوەو بەرگیٚکی دەرەکی بەقەد باڵای مرۆڤ پیٚدراوە، بەڵام ڕووح تایبەتمەندیەکی هەیە بچووك دەبیٚتەوەو گەورە

دەبێت، وە زۆر خێرایە، وە توانای قسەکردنی هەموو زمانەکانی هەیە بەڵام ئەوە خودی ڕووح نیە بەڵکوو بەهۆی ئەو عەقڵ و نەفس و دڵەوەیە کە لەنێویدایە، وە بە یەکدەنگی زاناکانیش ڕووح دروستکراوە، بەڵام ئەوەی تێبینیم کردووە لە وتەی لێکۆلەران کە سیڕڕی ڕووح دروستکراو نیەو ئەمری خودایە، تەنیا شێوەیەکی دەرەکی بەبەردا کراوەو شێوەیەکی دەرەکی بۆ دروستکراوە هەروەکوو لە کتێبی (ژیانەوەی دڵی ئیمانداران) باسم لێوە کردووە.

١٥ـ ئەمری خودا لەگەڵ خودا: ئەمری خودا پەیوەندی بەخوداوە هەیە، جا لەڕێی ئەو ئەمرەوە خودا تەصەڕڕوف لەو بەندەیەو

هەموو بوونەوەرانی دەکات، کە لێرە بواری هێنانەوەی بەڵگەمان نیە.

١٦ـ شەیتان لەگەڵ نەفس: شەیتان دروستکراوێکی ماهیەت ئاگریە، بەڵام مواصەفاتی ئاگریەکەی زیاتر لە دوکەڵێکی وزەی ڕەش دەچێ کە لە بوعدێکی تایبەتن لەسەر زەوی و چاوی ئێمە هێزی بینینی ئەوانی نیە مەگەر کەسێك لەڕێی سیحرو جادو لێکرانەوە یاخود بوون بەساحیر یاخود دۆستێکی خودا ئەوان ببینن لەسەر شێوەی خۆیان نا بەڵکوو لەسەر شێوەی مرۆڤ یاخود ئاژەڵان. جا هەموو مرۆڤێك شەیتانێکی لەگەڵەو کافرە، تەنیا فەرمان بە ژوورەوەی

مرۆڤ دەکات لەڕێی شەپۆلەکانی دەنگی خۆیەوە کە ئێمە توانای بیستنی ئەومان نیە مەگەر لە چەند حاڵەتێك نەبێ کە لەخوارەوە باسی دەکەین.

١٧ـ شەیتان لەگەڵ دڵ: بێگومان شەیتان پەیوەندیەکی توندو تۆڵی هەیە لەگەڵ دڵ، تاوەکوو ئەم دڵە ڕەش بکات و بیکاتە کانگای ڕق کوفرو رق لێبوونەوەو سیفەتە خراپەکانی تر.

١٨ـ شەیتان لەگەڵ عەقڵ: وە لێرەشدا پەیوەندیەکی هەمەلایانەی هەیە لەگەڵ عەقڵ تاوەکوو ئەو عەقڵە تێك و پێك بدات و

بیرکردنەوەکانی لاڕێ بکات بە تایبەتی بۆ کوفرو نادادی و جەنگ.

١٩ـ شەیتان: لەو ڕۆژەوەی کە مرۆڤ لە دایك دەبێ ئەو مرۆڤە شەیتانێکی لەگەڵ دادەنرێ، جا هەر کاتێ ئەو مرۆڤە دەمرێ شەیتانیش لەگەڵی ئەڕواو پەیوەندی بەو کەسەوە نامێنێ.

٢٠ـ شەیتان پەیوەندی بەڕووحەوە نیە: چونکە ڕووح ئەمری خودایە، ئیتر چۆن دەتوانێ تەداخول بکات.

وە سەبارەت بە جێگای شەیتانیش لە مرۆڤدا، وە لەگەڵ شێوەکەی ئەم بەڵگانە دەهێنین.

پێغەمبەری خوا صلی اللّٰه علیه وسلم دەفەرمووێ: (إِنَّ الشَّيْطَانَ وَاضِعٌ خَطْمَهُ عَلَى قَلْبِ ابْنِ آدَمَ، فَإِنْ ذَكَرَ اللهَ خَنَسَ، وَإِنْ نَسِيَ الْتَقَمَ قَلْبَهُ، فَذلِكَ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ)[1]،

---

[1] زەعیفە. تەبەڕانی لە (الدعاء)(ل٥٢١/ژ١٨٦٢). وە ئەبو یەعلا لە (مسند أبي يعلى الموصلي)(ب٧/ل٢٧٨/ژ٤٣٠١). وە لێرەش ڕیوایەتی کردووە (المقصد العلى في زوائد أبي يعلى الموصلي)(ب٣/ل١١٩/ژ١٢١٣) هی ئەبو حەسەن عەلی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی سلێمانی هەیثەمی (و٨٠٧هـ). وە ئیبن و ئەبی دونیا لە (مكائد الشيطان)(ژ١٣) باب الثاني. وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٦/ل٢٦٨) طبعة دار الفكر. وە ئیبن و شاهین لە (الترغيب لإبن شاهين)(ل١٨٩/ژ١٥٤) طبعة دار إبن الجوزي. وەکوو تەبەڕانی و ئەبو یەعلا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتیان کردووە، وە بەیهەقی لە (شعب

الإيمان)(ب٢/ل٧٥/ژ٥٣٦) طبعة مكتبة الرشد. له ئەنەسەوە ڕیوایەتی کردووە. جا لێکۆڵەری کتێبەکەی بەیهەقی دکتۆر عبد العلی عبد الحمید حامد دەفەرمووێ: "سەنەدەکەی زەعیفە". وە لێکۆڵەری کتێبەکەی تەبەڕانی دکتۆر محمد سەعید دەفەرمووێ: "سەنەدی فەرموودەکە زەعیفە لەبەر ئەوەی زیادی کوڕی عبد الله نومەیری تێدایە کە زەعیفە". وە شێخمان حافیزی ئیبن و حەجەریش دەفەرمووێ: "پیاوێکی زەعیفە". بڕوانە: (تقریب التهذیب)(ل٣٤٧/ژ٢٠٩٨). وە ئیبن و حیببانیش متمانەی پێداوە بەڵام ئەوەندە هەیە دەفەرمووێ: "هەڵە دەکا (واتە: هەڵەی هەیە)، وە یەکێك بووە لە عابیدەکان (واتە: بەندە خواناس و خواپەرستەکان)". بڕوانە: (تقریب الثقات)(ل٤٨٤/ژ٤٨٧٠). زەهەبیش دەفەرمووێ: "زەعیفە، وە هەندێکیش متمانەیان پێداوە". بڕوانە: (الکاشف في معرفة من له روایة في الکتب الستة)(ب١/ل٤١١/ژ١٦٩٨). وە ئیبن و شاهینیش ئەفەرمووێ: "یەحیای کوڕی مەعین فەرموویەتی: هیچ

خراپەیەکی پێوە نیە". بڕوانە: (تأريخ أسماء الثقات لإبن شاهين)(ل٩٢/ژ٣٩٦). طبعة دار السلفية. وە ئیبن و ئەبی حاتەمیش لە ئەبو حاتەمی باوکیەوە نەقڵ دەکات کەوا فەرموویەتی: "زیادی نومەیری فەرموودەی دەنوسرێتەوە بەڵام ناکرێتە بەڵگە"، وە یەحیای کوڕی مەعینیش زیادی بە زەعیف داناوە. بڕوانە: (ب٣/ل٥٣٦/ژ٢٤١٩) طبعة دار المعارف العثمانية. وە حافیزی میززیش گشت وتەی زاناکانی لەبارەیەوە هێناوە بۆ زیاتر شارەزابوون لەو پیاوە بڕوانە: (تهذيب الكمال للحافظ المزي)(ب٩/ل٤٩٢/ژ٢٠٥٥) طبعة مؤسسة الرسالة. ئیمامی سیوتی و مەنناوی و حافیزی ئیبن و حەجەری هەیثەمی بە زەعیفیان داناوە، هەتا هەیثەمی دەفەرمووێ: "ئەبو یەعلا ڕیوایەتی کردووەو ئەبو عومارەی تێدایە زەعیفە". واتە: ئەو باسی زیادی نومەیری ناکات، بڕوانە: (فيض القدير شرح الجامع الصغير)(ب٢/ل٣٥٤/ژ٢٠٣١) طبعة دار المعرفة. (مجمع الزوائد)(ب٧/ل١٤٩) طبعة قدسي. وە ئەلبانیش بە زەعیفی داناوە، بڕوانە: (ضعيف الجامع)(ژ١٤٨٠). وە

واتە: بێگومان شەیتان لووتی خۆی لەسەر دڵی ئادەمیزادەکان داناوە، جا ئەگەر بێت و ئەو کەسە زیکرو یادی خوای گەورەی کرد ئەوە دوور دەکەوێتەوەو لووتی لا دەدا، وە ئەگەر زیکرو یادی خوای گەورەشی لەبیر کرد ئەوکاتە دڵی ئەو کەسە وەکوو لوقمەو پارو قووت دەدات، جا ئەگەر ئەو حاڵەتەی بەسەرهات ئەوە پێی دەگوترێ وەسوەسەی خەنناس.

---

(سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٣/ل٥٤٧/ژ١٣٦٧). وە ئیمامی ترمذی یەك فەرموودەی لە زیادی نومەیریەوە ڕیوایەت کردووە لە (سنن الترمذي)(ژ٣١٩) لەوێش سەنەدەکەی زەعیفە، حوکمی فەرموودەکە: زۆرینەی زاناکان ئەو پیاوەیان بە زەعیف داناوە، وە بەپێی ڕای کەمینەش فەرموودەکە حەسەنە والله أعلم.

وه هەروەها ئەم ڕیوایەتەش هاتووە (مَا مِنْ مُؤْمِنٍ إلاَّ عَلَى قَلْبِهِ شَيْطَانٌ إِذا ذَكَرَ اللّهَ خَنَسَ، وَإِذا نَسِيَ اللّهَ وَسْوَسَ)[٢]،

---

[٢] صەحیحە. ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف إبن أبی شیبە)(ب٧/ل١٥٠/ژ٣٤٧٦٣) طبعة دار الكتب العلمية. بەو شێوازە بە وەستاوی لە ئیبن و عەبباسەوە ڕیوایەتی کردووە: (**الشيطان جاثم على قلب إبن آدم، فإذا سها وغفل وسوس، وإذا ذكر الله خنس**). وە ضیائی مەقدیسی لە ئیبن و عەباسەوە بەو شێوازە ڕیوایەتی کردووە: (**يولد الإنسان والشيطان جاثم على قلبه، فإذا عقل وذكر الله خنس، وإذا غفل وسوس**)، جا لێکۆلەری کتێبەکەی أستاذ دکتۆر عبد الملك کوڕی دوهێش ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی صەحیحە" بڕوانە: (الأحاديث المختارة)(ب١٠/ل٣٦٧/ژ٣٩٣) ط. دار خضر. وە حاکم لە (مستدرك حاكم)(ب٢/٦٣٦/ژ٤٠٤٩) ط. دار الحرمين. بەو شێوازە

---

له ئیبن و عەبباسەوە ڕیوایەتی کردووە: (**ما من مولود إلا على قلبه الوسواس، فإن ذكر الله خنس، وإن غفل وسوس**) حاکم ئەفەرمووێ: "ئەمە فەرموودەیەکی صەحیحە لەسەر شەڕتی شەیخەین". ئیمامی زەهەبیش لەسەری بێ دەنگە تەنیا ئاماژەی بە پیتی (خ م) کردووە، ئیتر بەپێی ئەم ئاماژەیە واتە بەڵێ لەسەر شەڕتی بوخاری و موسلیمەو موافیقە لەسەر بە صەحیحدانانەکەی حاکم، بەڵام ئەوەی سەرنجمدا لە دوو کتێبی تری ئەفەرمووێ: "حەکیمی کوڕی جوبەیر (کە یەکێکە لە پیاوەکانی سەنەدی حاکم) بە زەعیفیان داناوە، وە دارەقوطنیش ئەفەرمووێ:" واز لێ هێنراوە". بڕوانە: (الكاشف من له رواية في الكتب الستة)(ب١/ل٣٤٧/ژ١١٩٧). وە لە شوێنێکی تریشدا ئەفەرمووێ: "شیەعەیەکی کەمە"، وە ئەحمەد فەرموویەتی: "فەرموودەی مونکەڕە"، وە بوخاریش ئەفەرمووێ: "شوعبە لە بارەیەوە قسەی دەکرد"، وە نەسائیش دەفەرمووێ: بەهێز نیە"، وە موعازیش بە

---

شوعبەی فەرمووی: "فەرموودەیەکم لە حەکیمەوە بۆ ڕیوایەت بکە، ئەویش فەرمووی: لە ئاگری دۆزەخ دەترسم ئەگەر لەوەوە شتێکت بۆ باس بکەم". جا ئیمامی زەهەبی دەفەرمووێ: ئەمە بەڵگەیە کەوا شوعبە فەرموودەی حەکیمی واز لێ هێناوە". بڕوانە: (میزان الإعتدال للحافظ الذهبِي)(ب١/ل٥٨٣/ذ٢٢١٥) ط. دار القبلة. وە شێخمان حافیزی ئیبن و حەجەر سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی حاکم دەفەرمووێ: "حەکیمی کوڕی جوبەیری تێدایە زەعیفە". بڕوانە: (فتح الباری شرح صحیح البخاری)(ب٨/ل٧٤١) کتاب التفسیر. وە (تلخیص الذهبِي علی علی المستدرك)(ب٢/ل٥٤١) کتاب التفسیر ـ تفسیر سوره الناس، ط. مجلس دائرة المعارف النظامیة الکائنة بالهند. لەوەوە دەردەکەوێ کەوا زەهەبی موافیق نیە لەسەر بە صەحیحدانانەکەی حاکم بەڵام بۆ بێ دەنگە ئەوەی نازانم، ڕیوایەتەکەی حاکم زەعیفە. وە ئەم ڕیوایەتەش حەکیمی ترمذی لە ئەنەسەوە ڕیوایەتی کردووە: (الشیطان یلتقم قلب ابن آدم، فإذا ذکر الله خنس عنده، وإذا نسي الله إلتقم قلبه)

جا ئیمامی سیوتی ڕیوایەتەکەی حەکیمی ترمذی بە حەسەن داناوە، وە حافیزی مەنناوی و غوماریش موافیقن لەسەر بەحەسەن دانانەکەی سیوتی. بڕوانە: (فیض القدیر شرح الجامع الصغیر)(ب٤/ل١٨٦/ژ٤٩٧٢) ط. دار المعرفة. وە (المداوي لعلل الجامع الصغیر وشرحي المناوي)(ب٤/ل٢١٧/ژ٤٩٧٢) ط. دار الكتب العلمية. مەلا عەلی قاری لە خاوەنی کتێبی (السلاح...)ـەوە ئەگوازێتەوە کە دەفەرمووێ: "ئیبن و ئەبی شەیبە ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی پیاوانێکی صەحیحن". بڕوانە: (مرقاة المفاتیح شرح مشكاة المصابیح)(ب٥/ل١٦٣/ژ٢٢٨١) طبعة دار الكتب العلمية. وە هەروەها ئیمامی بوخاریش وەکوو تەعلیق نەك وەکوو ڕیوایەت لە صەحیحەکەی خۆیدا ئەو دەقەی بەبێ سەنەد فەرموودە: (وَيُذْكَرُ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ: اَلْوَسْوَاسِ إِذا وُلِدَ خَنَسَهُ الشَّيْطَانُ، فَإِذا ذُكِرَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ ذَهَبَ وَإِذا لَمْ يَذْكُرِ اللهَ ثَبَتَ عَلَى قَلْبِهِ) بڕوانە: (صحیح البخاری)(ژ٤٩٧٧) كتاب تفسیر القرآن. واتە: لە ئیبن و عەباسەوە بابەتی وەسوەسە باسی لێوە دەکرێ کەوا کاتێ

واتە: هیچ ئیمانداریٚ نیە ئیللا لەسەر دڵی شەیتانیٚك هەیە، جا هەرکاتیٚ زیکرو یادی خوای گەورەی کرد ئەوە دوور دەکەویٚتەوە، وە هەرکاتیٚکیش خوای گەورەی لە بیر کرد ئەوە دووچاری وەسوەسەو ختووکەی دەکات.

هەروەها ئیمامی سیوطی لە خاوەنی کتیٚبی (الذم الوسوسة لإبن أبي داود) هیٚناویەتی: (أخرج ابن أبي داود عن ابن عباس في قوله: الوسواس الخناس قال: مثل

---

منداڵ لە دایك دەبیٚ شەیتان لیٚی نزیك دەبیٚتەوەو دەیگریٚ، جا کاتیٚ یادی خوای گەورەی کرد ئەوە دەڕوا (واتە: کاتیٚ مرۆڤەکە گەورەبوو زیکری خوای کرد)، وە ئەگەر یادی خوای گەورەشی نەکرد ئەوە بە دامەزراوی لەسەر دڵی دەمیٚنیٚتەوە.

الشيطان كمثل ابن عرس واضع فمه على فم القلب فيوسوس إليه فإذا ذكر الله خنس وإن سكت عاد إليه فهو الوسواس الخناس )[٣] بڕوانە: واتە: ئەبوکری کوڕی ئەبو داود[٤] لە ئیبن و عەبباسەوە ڕیوایەتی کردووە سەبارەت بە تەفسیری ئەو ئایەتەی (الوسواس الخناس) ئەوە دەفەرمووێ: نموونەی شەیتانی وەکوو نموونەی ئاژەڵی دەڵەك وایە، دەمی خۆی خستووەتە سەر دڵی مرۆڤ، جا ئەگەر زیکرو

[٣] (تفسير الدر المنثور للإمام السيوطي)(ب١٥/ل٨٠٥) ط. مركز هجر.

[٤] تێبینی: حافیزی ئەبوبەکری کوڕی ئەبو داود ئەوە کوڕی حافیزی ئەبو داودە کە خاوەنی کتێبی (سنن أبي داود)ە.

یادی خوای گەورەی کرد ئەوە دەمی خۆی لادەباو دوور دەکەوێتەوە، وە ئەگەر زیکرو یادیشی نەکردو بێ دەنگ بوو ئەوکاتە بۆی دەگەڕێتەوەو ئا ئەمەیە پێی دەگوترێ (الوسواس الخناس). وە هەروەها دووبارە ئیمامی سیوتی هەر لە تەفسیرەکەیدا ئەم ڕیوایەتانەشی هێناوە: (أخرج سعيد بن منصور، وابن أبي الدنيا، وابن المنذر عن عروة بن رويم أن عيسى ابن مريم عليه السلام دعا ربه أن يريه موضع الشيطان من ابن آدم فجلى له فإذا رأسه مثل رأس الحية واضعا رأسه على ثمرة القلب فإذا ذكر الله خنس وإذا لم يذكره وضع رأسه على ثمرة قلبه فحدثه)، واتە: سەعیدی کوڕی

مەنسورو ئیبن و ئەبی دونیاو ئیبن و مونذیر لە عورۆەی کوڕی ڕووەیمەوە ڕیوایەتیان کردووە کەوا حەزرەتی عیسا داوای لە خوای گەورەی کرد شوێنی شەیتانی لە نێو جەستەی مرۆڤدا پێ نیشان بدات، ئەوەبوو خوای گەورەش بۆی دەرخست سەری وەکوو مار وابوو، وە خستبوویە سەر دڵی مرۆڤی، جا ئەگەر بێت و زیکرو یادی خوا بکات ئەوە دوور دەکەوێتەوە، وە ئەگەر یادیشی نەکات ئەوە سەری دەخاتە سەر دڵ و قسەی بۆ دەکات. وە دووبارە دەفەرمووێ: سوهەیلی لە عومەری کوڕی عبد العزیزەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا دەفەرمووێ: "پیاوێك داوای لە خوای گەورە کرد کەوا شوێنی شەیتان لە نێو جەستەی

مرۆڤ پێ نیشان بدات، ئەوەبوو لاشەیەکم بینی لە دەرەوە ناوەوەی دەبینرا (واتە: شەفاف بووە یاخود بڵێین وەکوو ووزە یاخود وەکوو ڕووح بووە لە شەفافیان)، جا شەیتانم بینی لە شێوەی بۆقا کە لە نێوان شانی و دڵیدا بوو، وە لووتێکی هەبوو وەکوو لوتی مێش ـ پێشوولە، جا خستبوویە نێو دڵیەوە وەسوەسەی بۆ دەکرد"[٥].

وە لە سەعلەبەی خەشەنیەوە ڕیوایەت کراوە کەوا فەرموویەتی: "لە خوای گەورەم داواکرد کە شوێنی شەیتانم لە جەستەی

---

[٥] ئەتوانی سەیری ئەو کتێبەشی بکەی (لقط المرجان في أحكام الجان للحافظ السيوطي)(ل٨٤).

مرۆڤدا پێ نیشان بدات، بینیم دەستەکانی لە نێو دەستەکانی مرۆڤەکە بوو، وە پێکانیشی لەناو پێیەکانی بوو، وە جەستەشی دوور بوو لە مرۆڤەکە (واتە: بۆشاییەك هەبووە لە نێوان ئەوو مرۆڤەکە)، تەنیا ئەوە نەبێ لووتێکی هەبوو وەکوو لووتی سەگ، جا ئەگەر زیکرو یادی خوای گەورەی بکردایە ئەوە لووتی لائەداو دوور دەکەوتەوە، وە ئەگەر بێ دەنگیش بایە لە زیکری خوای گەورە ئەوە دڵی ئەگرت"[٦].

---

[٦] بڕوانە: (التعري الشيطاني للمؤلف عدنان الطرشه)(ل١٩) طبعة مكتبة العبيكان. وة (حقيقة الجن والشياطين)(ل١٠١).

وە هەروەها ئیمامی بەغەوی دەفەرمووێ: "قەتادە دەفەرمووێ: خەنناس (مەبەستی شەیتانەکەیە) لوتێکی هەیە وەکوو لوتی سەگ و لە نێو سینگی مرۆڤدایە"[7].

وە ئیمامی شەوکانیش دەفەرمووێ: "موقاتیل دەفەرمووێ: بێگومان شەیتان لە شێوەی بەراز لە نێو دەمارەکانی مرۆڤ هاتووچۆ دەکات وەکوو هاتووچۆ کردنی خوێن، ئیتر خوای گەورە بەو شێوازە زاڵی کردووە، جا وەسوەسەکەی ئەوە بانگ کردنە

---

[7] بڕوانە: (تفسير البغوي)(ب٨/ل٥٩٧) طبعة دار طيبة.

بۆ گوێڕایەڵی کردنی بە وتەیەکی شاراوە کە ئەگاتە دڵ بەبێ گوێبیست بوونی دەنگ"[٨].

پوختەی بابەتەکە:

ئادەم لە قوڕ دروستکراوە، وە جاننی باپیرە گەورەی جنانیش لە ئاگرێکی پاك بێخەوش، ئەمما ڕۆڵەکانی ئادەم لە ئاون وە نەوەکانی جاننیش پێم وایە لە ماددەی ڕەش درووستکراون کە وەکوو دوکەڵی ڕەش وان، ئەمانە ووزەنە دەتوانن خۆیان بخەنە سەر هەموو شێوەیەك، وە هەشیانە زەوئیە لە ڕوناکینە. جا ئەو قەرینەش شێوەی خۆی

---

[٨] بڕوانە: (تفسير فتح القدير)(ب٥/ل٦٤٣) طبعة دار الكلم الطيب.

دەگۆڕێ لەو گیاندارەوە بۆ ئەو گیاندارە، بۆیە دەکرێ ئەو قەرینەیە بە چەندەها شێوازی تر خۆی نیشانی مرۆڤەکان بدات گەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت، ئەمە هیچ دژایەتیەکی لەگەڵ گشت دەقەکانی سەرەوە نیە، ئەوەی کە زۆر زۆر گرینگە ئەوەیە لەسەر دڵی مرۆڤەو وەسوەسە دەکات، وە حەقیقەتێکیش هەیە ئەو قەرینەی کە لەگەڵ مرۆڤدا دانراوە تایبەتمەندی جیاوازی لەگەڵ گشت جن و شەیتانەکانی تر هەیە، بۆ نموونە کەسێك سیحری لێ کرابێ یاخود زۆر زۆر ترسا بێ ئیتر جنی تر یان دێتە ناو جەستەی یانیش لە دەورو بەری کۆ دەبنەوە، جا ئەگەر کەسێك ڕووقیەی بۆ خوێند یانیش بەخۆی

ڕوقیەکەرێکی زۆر بەهێز بوو دەتوانیَ گشت جنەکان دەربکات جگە لە قەرینەکەی خۆی نەبیَ چونکە خوای گەورە وای داناوە ئەو ووزەی کە لەکاتی خوێندنی قورئانەکەدا دروست دەبیَ گشت جن و شەیتانەکان دەسوتێنیَ و دەریان دەکات تەنیا ئەو نەبیَ، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەو مرۆڤە چەندە دیندارو خواناس و چاکەکار بیَ ئەوە هێزی وەسوەسەی قەرینەکەی کەم دەبێتەوە، وە ئەوەش بزانن جگە لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هیچ وەلیەك لەو قەرینە پارێزراو نەبووە، چونکە قەرینەکەی پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم موسڵمان بووە لەسەردەستی

سەروەرمان، ئەمەش لە فەرموودەی صەحیحدا چەسپاوە والله أعلم.

**لەوحەکان.**

عەللامەی سەید شەریفی جورجانی دەفەرمووێ: لەوح: کتێبی قەدەری خوایە، وە نەفسێکی گشتیە.

چوار جۆرە لەوحیش هەیە:

لەوحی قەزای پێشتر لەسەر ڕەشکردنەوەو جێگیرکردنی (شتەکانی گەردوون)، کە لەوحی عەقڵ و ژیریی یەکەمە. وە لەوحی نەفسی قسەکەری گشتی کە گشتیاتەکانی لەوحی یەکەم جیا دەکاتەوە، وە پەیوەندی بە هۆکارەکانەوە هەیەو ناونراوە بە لەوحی مەحفوز. وە لەوحی نەفسی بەشێکی ئاسمانی کە نەخشی هەموو ئەو شتانە ئەکات کە لەم

گەردوونەدا هەیە لە ڕووی وێنەو شێوازو ئەندازەو بڕەکەی، ئەوە ناونراوە بە ئاسمانی دونیا، ئەمە لە بری خەیاڵی خەڵکیە، هەروەکوو چۆن یەکەم لە بری ڕووحەکەی بوو هی دووەمیش لە بری دڵیەتی. وە لەوحی هەیوولی کە تەن و ماددەیە ئەوە قابیلی وەرگرتنی وێنەیە لە جیهانی دیار"[٩]. بۆ ئەوەی وتەکانی ئەوت لا ڕۆشن بێت بۆت شی دەکەمەوە (لەوحی یەکەم بەواتای زانستی ئەزەلی خوای گەورە دێ کە عەقڵ و ژیری یەکەمە، جا ئەوەیان گۆڕانکاری بەسەر نایەت و جێگیرە، ئەزەلی و ئەبەدیە، ئەوەی زیادو

---

[٩] بڕوانە: (التعریفات)(باب اللام_ فصل الواو_ل١٩٢). ط. دار الطلائع.

کەم بکرێت ئەوە لەوحولمەحفوزە واتە: لەوحی پارێزراوە لەوەی کەوا کەسێك بتوانێ دەست کاری بکات، جا ئەم لەوحولمەحفوزە نەفسێکی قسەکەرەو کرداری گشت بوونەوەرانی بەکردار وەك میمۆرییەك تێدا تۆمارکراوە هەروەك چۆن ڤیدیۆو وێنە دەچێتە نێو میمۆرییەوە، بەمە لەوحولمەحفووز لە لەوحی یەکەم جیا بۆوە کە زانستی ئەزەلی خوای گەورەیە. تێبینی: ئەو لەوحە بە ئوومی کتێب مەشهوورە کە جەستەو جسمانیەت نیەو ڕەهایەو وەستاوە بەخوای گەورە. لەوحی سێ یەمیش هەر چی ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە لە نێو لەوحێکی کرداری دایە کە ناونراوە ئاسمان، جا ئەم ئاسمانە وێنەی خەیاڵی

خەڵکیە، وە لەوحی یەکەمیش وێنەی ڕووحە، وە لەوحی دووەمیش وێنەی دڵە، لەوحی چوارەمیش وێنەی لاشەیە (لەوحی یەکەم: خەیاڵ _ لەوحی دووەم: ڕووح _ لەوحی سێ یەم: دڵ _ لەوحی چوارەم: لاشە، ئەمە سەبارەت بە مرۆڤ)، ئەم ڕوونکردنەوەم هی ساڵی ٢٠١٦ زاینی یە، بەڵام ئێستاکە پێم وایە لەوحێکی تریش هەیە کە لەوحی نەفسە، ئەمانە هەریەکەیان تایبەمەندی خۆی هەیەو پەیوەندیەکی تۆکمەشیان بەیەکەوە هەیە، بۆ نموونە: لەوحی خەیاڵ یاخود لەوحی ژیریی کاتێ خەیاڵی شتێك ئەکات شتەکانی نێوی زۆر بەخێرایی دێنە بەردەمت، ئەمە بە حاڵی بێداری، ئەمما بەحاڵی وەنەوز لە نێوان خەوو

بێداریدا گەشتی عەقڵی پێ دەگوترێ: لێرە جووڵە زۆر هێواش و لەسەر خۆیە بۆ گەشت کردن جا زۆربەی خەڵك پێیان وایە ئەوە چاوی سێیەمە کەچی زۆر بەهەڵەدا چوونە ئەوە تەنیا گەشتێکی هێواشی نێو لەوحەی عەقڵ و خەیاڵ و ئەندێشەیە، لێرەدا کەسی بیرکەرەوەی قووڵ لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوە قووڵەی لە خەیاڵ و مێشکی وا دەکات شەپۆلی مێشکی بۆ گەشت کردن ئامادە بێ بۆیە کاتێ زاتێك لە جەستەی دەردەچێ وا دەزانێ ڕۆحی دەرچووەو خۆیشی دەبینێ کەوا دانیشتووە یاخود پاڵیداوەتەوە، جا لەوێدا بۆ نموونە شتێك یەکسەر بەخەیاڵت دادێ یەکسەر لەوێ ئامادە دەبێ، وە زۆر جاریش ئەوەی لەتۆ دیار

نیە دەیبینی، نیشانەی ئەو جۆرە گەشتەش چۆنە کە بینیت زاتێك لە جەستەت بەهێواشی هاتە دەرەوە وە لە هەمان کاتدا ژوورەکەت لە بنەڕەتدا تاریك بێ یان ڕووناك بێ لەوێ بەهەمان شێوە دەچیتە ناو جیهانی لەوحەی عەقڵ. جا لێرە پەیوەندیەك هەیە لەگەڵ شەیتان بۆیە جاری وا هەیە جن دەبینی جاری واش هەیە مەخلوقی تر دەبینی، واتە مەرج نیە هەمووی هەر خەیاڵ بێ. سەبارەت بە لەوحی دڵ و ڕووح گەشتەکانی زۆر خێراو ڕووناکدارە بە تایبەتی گەشتی ڕووح زۆر خێرایەو تەزوویەکی نەرم بەجەستەت دەکەوێ و، دەکەویە ناو لەوحەی یەکەم و لەوحەی جیهانی ئەمر. لەوە زیاتر ناتوانم بدوێم.

شەیتان لێرە بەهیچ جۆرێك ناتوانێ تەداخول لەوحەی ڕۆحەکە بکەوێ، بەڵام کەم جارانێکیش دێتە ڕێگای بەڵام ئەو کەسە با پاکی نەبێ پێی، لەوحەی نەفسیش لێرەدا نەفس چەندە پاك بێ ئەوەندە لەوحەکەی نەفس بە پاکی دەبینێ، لێرەدا عەقڵ سوڵتەی نیە بەڵکوو گشتی ئارەزووە، بۆ نموونە ئەوەی دەکەوێتە ناو لەوحی نەفسی خۆی عەقڵ لەوێ کۆنترۆڵی نامێنێ، وە شەیتانیش لەوێ دەورێکی سەرەکی هەیە بۆیە جاری وا هەیە لەسەر شێوەی مەحرەمەکانی خۆی بۆی دێ ئەویش کۆنترۆڵی عەقڵ لەوێ کارناکات بەڵکوو گشتی ئارەزووە بۆیە هەر زوو تاو دەداتە مەحرەمەکانی خۆی، جووت بوون لەناو

ئەو لەوحەدا وەکوو جووت بوونی ئاساییەو تام و چێژەکەشی بەهەمان شێوەیە، بۆیە ئەوکەسە دەبێ زۆر وریای خۆی بێ چونکە لە لەوحی نەفسدا شەیتان دێ جا وا باشترە ئەو کەسە بەر لە قوولبوونەوە لەخۆی و لە زیکرو فیکرەکەی ئەزکارەکان بخوێنێ تاوەکوو دووچاری ئەو حاڵەتە نەبێ ئەگەر هاتە پێشیشی لەسەر شێوەی پیاوچاك با پەنا بەخوا بگرێت و ئایەت بخوێنێ، ئەگەر ڕۆیشت ئەوە شەیتانە، ئەگینا یان فریشتەیە یانیش ڕووحی ئیماندارێکی چاکە، بەڵام ساحیرەکان بەردەوام لە لەوحەی تاریکایی نەفسدان و لە ژێر کۆنترۆڵی شەیتاندانەو عەقڵ و ئیدراك و دڵ و ڕووحی ساحیرەکە گشتی پەردەپۆش

دەکرێ بە تاریکایی و دەچێتە ناو ڕێژەیەکی چاکی مواصەفاتی شەیتانەکان، هەربۆیەش ساحیرەکان کافرو بێ بڕوان.

## هاتنی ئیلهامەکان

ڕووح هەموو ئیلهامە خوداییەکان لە ئەمرەوە بۆی دێ، هاتنەکەشی جۆری هەیە، جاری وا هەیە لە خاریجەوە بۆی دێ، جاری واش هەیە ڕاستەوخۆ لە ڕووح دەردەکەوێ، وەك بڵێی شێردرابێتەوە لە ڕووحدا، ئەو ڕووحە پەیوەندی بە دڵەوە هەیە یەکەجار ڕاستەوخۆ لەوێوە هەموو ئیشارەتەکانی خۆی دەنێرێ بۆ بەشەکانی تر، جا ئەگەر ئەو ئیلهامە پچڕا یانیش هەر لە بنەڕەتدا پچڕابوو بەهۆی پەردەکانی دڵ و دەروونەوە ئەو کاتە ئیلهامەکانی لە نەفس و شەیتان پێ دەگات.

## بوعدەکان یان لەوحەکان

بوعدی ڕووح

بوعدی دڵ

بوعدی نەفس

بوعدی عەقڵ

بوعدی شەیتان

ئەو کەسەی دەکەوێتە بوعدی نەفس لەوێ عەقڵ بوونی نیەو کۆنترۆڵ لە ژێر دەستی نەفس و شەیتاندایە، ئیشارەتەکانیشی بۆ بینینی لەوێ هێواشە، ئەمما بوعدی ڕووح زۆر خێرایە لەگەڵ هی دڵ، لەو دووانە عەقڵ بەتەواوی کاردەکات، هەر بۆیەش ئەوانەی کە

دەڵێن عەقڵ لە نێو دڵە قسەکەیان صەوابترە والله اعلم لەوانەی کە دەڵێن لەناو مێشکە.

چونکە نەفس لە پێشە سەری مرۆڤەو لە مێشك نزیکە، بۆیە ئەوانەی کە دەکەونە نێو کوفرو زەندەقەو هەواو ئارەزووەوە ئەوە مێشك کۆنترۆڵی خۆی تەسلیم بەنەفس کردووەو هەموو ئیلهامەکانی لەوێوە بۆ دێ، ئەمانە بەتەواوەتی پچڕاون لە عەقڵی دڵ و ئیلهامی خودایی. وە ئیماندارە تاوانبارەکانیش کۆنترۆڵی مێشکیان لە ژێر نەفسدایە، بۆیە بەتەواوەتی تاریکبوونە.

کۆنترۆڵکردنی ئەو وەزعە.

١. بیرکردنەوەی قووڵ لە ئایەتەکانی قورئان و ئایەتە گەردوونیەکان.

٢. لەسەر ئەو بیرکردنەوە زۆر زیکر کردن بە دڵ، چونکە کلیلی ڕووناکی و ئیلهامە خوداییەکەو عەقڵی دڵ لەوێیە.

٣. هەموو دەرگایەك کلیلی خۆی هەیە، کلیلی دەرگای دڵیش ناوی هەرە مەزنی (الله)یە، چونکە کە دەرگاکە بەتەواوی بۆوە ئیتر ئەو دڵە ٢٤ کاژێر دەڵێ (الله الله)، هەست بەماندوویی ناکات.

٤. ڕاکێشانی سیلکێکی نورانی لە دڵی پێغەمبەرەوە صلی اللە علیە وسلم، ناتوانی ئەو سیلکە بەبێ وجودی وێستەگەیەکی داخڵی ڕاستەوخۆ ڕەبتی بکەیت بەو، چونکە سەروەرمان وێستگەی سەرەکی نووری خودایە بۆ هەموو زەوی، بگرە هەموو جیهانیان. ئەو وێستگە داخیلیە مورشیدی کاملە، جا هەوڵدە بیدۆزەوە.

٥. بەردەوامبوونە لەسەر ئەو حاڵە.

## سوودەكانی مورشیدی كامڵ

١. دەرگاكەت بۆ دەكاتەوە بە ئەنواری دڵی.

٢. ڕەبتت دەكات بە خۆشەویستمان.

٣. لە نەفست دەدات بە ئەنواری دڵی، تا بێ هێزی بكات، بەمەش دەڵێن: تەوەجوهـ، واتە: ڕووتێكردنی مورشید لە جێگای خۆی لە حوزووری خوا.

٤. وات لێ دەكات غافڵ نەبی لە مەولات كە (رب العالمين)ــە.

٥. وات لێ دەكات بە حەقیقەتی نەزەری و عەمەلی بگەی لە مەقامی ئیمان و ئیسلام و ئیحساندا.

٦. وات لێ دەکات ببیت بە خزمەتکاری موسڵمانان.

بە کورتی و پوختی (خۆناسین و خودناسین و خەڵك ناسینت) بۆ دەستەبەر دەکات بە ئیزنی خودا، لە هەموو ئەوانەش بکەر هەر خودایە، بەڵام کاری خودا ئەسبابە.

تێبینی: ڕیازەتی نەفس بە کەمکردنەوەی خۆراك و بەڕۆژوو بوون دەور دەبینێ، بۆ لە دەست دەرهێنانی بەشەکانی تر لەژێر کۆنترۆڵی نەفس و شەیتان.

جا ئەو فەوزایەی لە عالەم هەیە گشتی لەو نەفس و شەیتانەوەیە کە ئیلهامەکەی لەوێوە بۆ دێ بە زۆرینەی موسڵمانانیشەوە بگرە،

بۆیە پێویستە ئەمە جێ بەجێ بکەین بۆ یەکگرتنی ئوممەت و سەرکەوتنمان لە دونیاو ئاخیرەت، خودایە لێمان ببوورە.

## هەر سێ خەڵوەکە

## (ئەولیاکان، ساحیرەکان، یۆگا)

١ـ خەڵوەی ئەولیاکانی خودا: ئەم جۆرە زاتانە بۆ گەیشتن بە مەعریفەتی خوایی و ڕزگاربوون لە دەست تاریکایی و خراپەکانی نەفس خۆیان تەنیا دەکەنەوە چ لە ماڵ یاخود لە شوێنێکی چۆڵ ئەمانە زیکرو ئەوڕادی شەرعی دەخوێنن و هاواری هیچ جنێکیش ناکەن بۆ ڕامکردنی جنەکان، بەڵکوو هەموو ئامانجیان گەیشتنە بە ئیستیدلالی عەمەلی و ڕزگاربوون لە نەفس و کامڵبوونی پایەکانی دڵ، ئەلێرەدا بە تێپەڕبوونی کات گشت لەوح و بوعدەکانی بۆ دەبێتەوەو ڕووناك دەبێ، تێبینی: لێرەدا زۆر

کەسی نەزانی موسڵمان هەیە هەموو ئامانجی لەخەڵوەکەی ئەوەیە چۆن قسە لەگەڵ جنی موسڵمان بکات، ئەمە بەڕای بەندە ئەوپەڕی نەزانینە بە حەقیقەتی خەڵوەو مەعاریفی ئیلاهی، وە زۆرجاریش کەوتووەتە نێو شیرکەوەو هەستیشی بەخۆی نەکردووە، بۆیە ئامۆژگاری هەموو کەسێك دەکەم بەو نیەتەوە مەچوونە نێو خەڵوەوە، چونکە زیکرکردنەکات شیرکەو بۆ خوا نیەو ڕیای کەوتووەتە نێویەوەو هەمیش خۆتان دووچاری فێڵی شەیتانەکان دەکەن کە بەجۆرەها فێڵ هەڵتان دەخەڵەتێنن.

٢ـ خەڵوەی ساحیرەکان: ئەمە زۆر مەترسیدارەو لە ڕێی ساحیرێکی ترەوە گشت

کوفریاتەکان و پیسیەکانی پێ دەگوترێ و بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ئەو ڕیازەتانە دەکات و هەرچی سوکایەتیە بەخواو فروستادەکەی دەکات، لەکۆتایشدا عەقدێکی شەیتانی بەخوێن لە نێوان ئەو و شەیتانەکە مۆردەکرێ و دەشاردرێتەوە، ئەو شەیتانەش دەبێتە خوای ساحیرەکەو دەیپەرستێ، شەیتانەکەش کاری بۆ دەکات، جا ئەو ساحیرەش پلە بەرزیەکەی بەگوێرەی گەورەیی و بچووکی خراپەکانیەتی.

٣ـ خەڵوەی یۆگا: دوو جۆری هەیە: یەکەم: خەڵوەیەك بێ گوتنی کوفریاتەکانی یۆگا. ئەمەیان تەنیا تەرکیز کردنە سەر هەندێ وردەکاریەکانی ناو مێشك و قوڵبوونەوەیە لە

زاتی خۆت، تەصەوڕکردنی هەندێ ڕەنگی تایبەتە بەو حاڵەتەو دروستکردنی هەندێ خەیاڵاتە بەمێشك، ئەمە ماوەیەك بەردەوام دەبێ تا دەکەوێتە نێو لەوحەی مێشك و نەفس، جا وەك گوتمان شەیتان پەیوەندی بەو دووەوەش هەیەو لێرەش دەردەکەوێ، ئەوانەی کە ئەم ڕیازەتە دەکەن بەئومێدی خاڵی کردنەوەی مێشك لە بیرۆکە نەرێیییەکان و ئارام بەخشینە بە مێشکیان، ئەوان دەڵێن: ئارامی بەخشینە بە دڵ ئەمما ئەوە ڕاست نیە، چونکە لەوحەی دڵیان تاریکەو خاڵیە لەزیکری خوایی ئیتر دڵێکیش خاڵی بێ لەوە چۆن ئارام دەبێ.

دووەم: خەڵوەی ساحیرەکانەو پەیوەندی بەخاڵی دووەمیشەوە هەیەو زۆریش، ئەوەش لە ڕێی گوتنی دروشمەکان و بەهیوای گەیشتن بە شاکیرەکانی جەستە خەڵکیان باش هەڵخەڵەتاندووە، چونکە ئەو جۆرە ڕیازەتە تەنیا زۆرترین کاتی دەکەوێتە نێو لەوحەی نەفس، وەکوو گوتیشمان لەوێ عەقڵ وجودی نیەو لە ژێر هەواو ئارەزوو شەیتانەکانە ئەگەر کۆنترۆڵی نەکرێ، بۆیە زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەم یۆگایە دەکەن سەدا ١٠٠٪ شەیتان لێیان نزیک دەبێتەوەو مەسسیان دەکات.

ئەمەی نوسرا زۆر بە کورتی بوو، هیواخوازم سوودتان لێ بینی بێ.

جا کە ئەمەت لە لا ڕۆشن بوو ئەچینە سەر جۆرەکانی خەون.

## جۆرەکانی خەون

١ـ خەوی ئاسایی: ئەمەیان کاتی دیاری کراوی نیە لە چ کاتێکدا دروست دەبێ، کەسی وا هەیە لەگەڵ دەسپێکی خەوتنەکەی خەو دەبینێ، هی وا هەیە لە نێوەڕاستی خەوەکە، هی واش هەیە لە کۆتایی خەوەکە خەون دەبینێ، بەڵام لەم جۆرەیان بەشێوەیەکی گشتی لە کۆتاییەکەی دەبینرێ، کاتەکەشی ناگاتە دەقیقەیەك، ڕەنگە هەر دەچرکەیەك بخایەنێ، بەڵام ئەو کاتە جێگیر نیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، وە لە خەونێکەوە بۆ خەونێکی تر، بۆیە جیاوازی هەیە.

٢ـ خەوی وەنەوز (نوعاس): ئەم جۆرە خەوە لە نێوان بێداری و خەوتنندایە، پلەکەی زۆر لە خەوی ئاسایی بەرزترە، وە ئەوەی لێرەدا دەبینرێ ئەستەمە لە بیر بکرێ، چونکە کەسی بینەر هەستێکی زۆری ئاگایی هەیەو شتەکان وەك بڵێی بە چاوی سەر ببینێ وایە، ئەم جۆرە لە هەر پێنچ بوعدو لەوحەکە دەبینرێ، بەگوێرەی جۆری خەڵوەکان. کاتی بینینەکەشی لەگەڵ دەسپێکی وەنەوزەکەیەتی، وەك لەسەرەوە باسم کرد جۆری ئەو شتەی دەبینرێ بەپێی لەوحەکەیە کە لەو وەنەوزەدا دەیبینی، بۆیە دەبێ شارەزا بیت تا لێکیان جیا بکەیتەوە کامە خەیاڵ و قسەو باسی نەفسەو کامە لە خواوەیە، وە

کامە لە شەیتانەوەیە. هەروەك لە فەرموودەدا هاتووە (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنْ النَّبِيِّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - قَالَ: "الرُّؤْيَا ثَلَاثٌ: فَبُشْرَى مِنْ اللَّهِ، وَحَدِيثُ النَّفْسِ، وَتَخْوِيفٌ مِنْ الشَّيْطَانِ، فَإِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ رُؤْيَا تُعْجِبُهُ فَلْيَقُصَّهَا إِنْ شَاءَ، وَإِنْ رَأَى شَيْئًا يَكْرَهُهُ، فَلَا يَقُصَّهُ عَلَى أَحَدٍ، وَلْيَقُمْ يُصَلِّي)[١٠].

---

[١٠] فەرموودەیەکی صەحیحە بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٧٠١٧). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٢٦٣). وە ئەبو داود لە (سنن أبی داود)(ژ٥٠١٩). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٤٢٣) وە (ژ٢٤٤٤) لە ڕێگای ئەیوبی سەختیانیەوە ڕیوایەتیان کردووە.

له ئەبو هوڕەیڕەوە ڕەزای خوای لێ بێ گێڕدڕاوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم، دەفەرمووێ: خەون سێ جۆری هەیە: جۆرێکیان موژدەیە له خواوەیە، وه جۆرێکی تر هەیە قسەو باسی نەفسە، وه جۆرێکی تریش هەیە ترس و دڵەڕاوکێی شەیتانە. بەڵام ئەوەی لێرەدا بەخزمەت پێغەمبەر دەگات صلی اللّٰه علیه وسلم وه ئەوەی له بێداریشدا دەیبینێ ئەوە حەقەو تەواوە به دەلیلی ئەو فەرموودانە: عَنْ أَبِي سَعِيدٍ، عَنْ النَّبِيِّ - صَلَّي اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -

قَالَ: "مَنْ رَآنِي فِي الْمَنَامِ فَقَدْ رَآنِي، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لَا يَتَمَثَّلُ بِي"[١١].

له ئەبو سەعیدی خودریەوە گێڕدراوتەوە کەوا پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم، دەفەرمووێ: ئەوەی من ببینێ له خەودا ئەوە بەڕاستی منی بینیوە، چونکە شەیتان ناتوانێ خۆی بخاتە سەر شێوەم.

(عَنْ عَوْنِ بْنِ أَبِي جُحَيْفَةَ عَنْ أَبِيهِ، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ - صَلَّي اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - قَالَ:

---

[١١] فەرموودەیەکی صەحیحە بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٦٩٩٧) لە ڕێگای عبد الله کوڕی خەبباوە ئەویش لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتی کردووە. وە ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردووە بە هەمان شێوە لە (مسند احمد)(ژ١١٥٢٢).

"مَنْ رَآنِي فِي الْمَنَامِ، فَكَأَنَّمَا رَآنِي فِي الْيَقَظَةِ، إِنَّ الشَّيْطَانَ لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يَتَمَثَّلَ بِي"[12].

---

[12] شوعەیب ئەرنائوط دەفەرمووێ: "فەرموودەیەکی صەحیحە. سەنەدەکەشی حەسەنە لەبەر صەدەقەی کوڕی ئەبو عیمران و سلێمانی کوڕی عبد الرحمانی دیمەشقی کە ڕاستگۆنەو فەرموودەیان حەسەنە، وە هەردووکیان موتابەعە کراون، بوخاری لە (تاریخ)(ب ٤/ ژ٢٩٤)، وە ئەبو یەعلا لە(مسند ابی یعلی)(ژ٨٨١)، وە تەبەڕانی لە (معجم الکبیر)(ب ٢٢/ ژ٢٧٩) وە (ژ٢٨٠) وە (ژ٢٨١)، وە ئیبن و حیببان لە (صحیح ابن حبان)(ژ٦٠٥٣)، وە تەبەڕانی لە (معجم الکبیر)(ب ٢٢/ (ژ٣٠١) لە ڕێگای زەیدی کوڕی ئەبی ئونەیسەوە ئەویش لە عەونی کوڕی ئەبی جوحەیفەوە ئەویش لە باوکی خۆیەوە ڕیوایەتی کردووە. ئەم

لە عەونی کوڕی ئەبی جوحەیفەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیە وسلم، دەفەرمووێ: ئەوەی من لە خەودا ببینێ وەکوو ئەوە وایە منی لە کاتی بێداریدا بینیبێ (واتە: وەکوو ئەوە وایە پێغەمبەرت صلی الله علیە وسلم بینیبێ بەدوو چاوی سەر)، چونکە شەیتان ناتوانێ خۆی بخاتە سەر شێوەم.

ئەوەش بزانە: کەوا خەون نابێتە سەرچاوەی شەریعەت بۆ حەڵاڵ و حەڕام هەروەك زاناکان دەفەرموون، بەڵام بە پێی

---

سەنەدەش بەهێزە". بڕوانە: (سنن ابن ماجة بتحقيق الشيخ شعيب الأرنؤوط)(ب٥/ل٦٢/ژ٣٩٠٦).

جۆری خەوەکە دەگۆڕێ، بۆ نموونە: کەسێ گوناهێکی کردووە دواتر لە لایەن خواو پێغەمبەرەکەیەوە صلی الله علیه وسلم یاخود پیاوچاکێکەوە ئاگادار دەکرێتەوە ئەمە حەقەو زیادەی یەقینیە بۆ بەڵگە شەرعیەکانی زاهیر کە ئەو شتەی ئەو کردوویەتی بەتاوان لە قەڵەم دراوە، چ لە زاهیر، چ لە باتن. وە هەروەها زانینی ئەو شتانەی لە خەودا کە هێشتان وجودیان نەهاتووەتە دونیا، وەکوو خەوەکەی حەزرەتی یوسف و هەزارانی وەکوو ئەویش، ئەمانە گشتی پلەی یەقینەو ئیستیدلالی عەمەلیە لەسەر وجودی واحیدو ئەحەدییەتی خودای مەزن. وەك گوتمان بە پێی خەوەکە دەوەستێ، نموونەیەك دەهێنینەوە

لەسەر ئەمە ئەگەرچی هەرگیزاو هەرگیز ڕووی نەداوەو ڕووش نادات، ئەگەر پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وسلم بینرا لە خەودا فەرمانی پێ کردی کەوا فڵان شت حەڵاڵە، کەچی ئەو شتە لە شەریعەتدا حەڕام بێ ئەوە لا ناکرێتەوە بەلای ئەو خەوەدا، چونکە شەریعەت پارێزراوە، بەڵام خەون نا. بۆ نموونە: یەکێ لە پێغەمبەرەکان بببینی لە خەوداو فەرمانت پێ بکات کە سەری کوڕەکەت ببڕی یاخود فڵانە کەس بکوژی، ئەمانە گشتی پێچەوانەی شەریعەتن و نابێ جێ بەجێیان بکات، گەر بیان کات تاوانەکەی لە ئەستۆ دەگیرێ. وە هەروەها ئەوەش بزانە: خەون لە ژیانی پێغەمبەری خوادا صلی اللە علیە وسلم

گرینگیەکی چاکی پێدراوە، کاتێ لە ژیانیدا بوو دوای نوێژی بەیانیان لەنێو هاوەڵانی ئەگەر خەوی بینیبایە بۆ هاوەڵانی دەگێڕایەوە، ئەگینا دەی پرسی کێ خەوی بینیوە تاوەکوو بۆی تەفسیر بکات، ئەمەش بۆ ئەوە تاوەکوو ئەم دڵانە زیاتر ڕەبت بکات بە جیهانی غەیبەوە، چونکە دینی ئیسلام دینێکی ماددەگەرایی نیە، بەڵکوو دینێکی ڕووحانی مەعنەویە، بۆیە نابێ بەچاوێکی کەم سەیری خەون و دونیای خەون بکرێ، خوداش زاناترە.

وە هەروەها ئەو فریشتەیەی کە سەر پەرشتی خەو دەکات لە شێوەی باڵندەیە،

بەڵگەش ئەم فەرموودەیە: (عن أَبِي رَزِينٍ، أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ صَلَّي اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، يَقُولُ: «الرُّؤْيَا عَلَى رِجْلِ طَائِرٍ، مَا لَمْ تُعْبَرْ، فَإِذَا عُبِرَتْ وَقَعَتْ». قَالَ: "وَالرُّؤْيَا جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ - قَالَ: وَأَحْسِبُهُ قَالَ - لَا يَقُصُّهَا إِلَّا عَلَى وَادٍ أَوْ ذِي رَأْيٍ)[١٣].

---

[١٣] فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە. ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجة)(ژ٣٩١٤). وە ئەبو داود (سنن ابی داود)(ژ٥٠٢٠)، وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٤٣١) وە (ژ٢٤٣٢) لەڕێی یەعلای کوڕی عەطائەوە گێڕاویەتیەوە.وە ترمژی ئەفەرمووێ:"فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە". وە ئەحمەدیش لە(مسند أحمد)(ژ١٦١٨٢)، وە ئیبن و

له ئەبو ڕەزینەوە گێڕدراوەتەوە کەوا گوێی له پێغەمبەری خوا بووه ـ صلى الله علیه وسلم، کەوا دەفەرمووێ: خەون لەسەر پێی باڵندەیەکە هەتا ئەوکاتەی تەفسیری خەوەکە دەکرێ، جا هەرکاتێ خەوەکە تەفسیر کرا ئەوە لەسەر پێی باڵندەکە نامێنێ و دەکەوێ، وە فەرمووی: خەون بەشێکە له چل و شەش بەشی وەحی پێغەمبەرایەتی ـ ئەبو ڕەزین دەفەرمووێ: وای بۆ دەچم گوتی: خەون نەگێڕدرێتەوە ئیللا له دۆڵێك نەبێ یاخود

---

حیببان له (صحیح ابن حبان)(ژ٦٠٤٩) و (ژ٦٠٥٠). ڕیوایەتیان کردووە.

خەون لێکدەرەوەیەك نەبێ کە خاوەن قسەو ڕەئیە.

ڕۆژێ دێ خەوەکان زۆر ڕاستەو درۆی تێدا نیە بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّي اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -: "إِذَا قَرُبَ الزَّمَانُ لَمْ تَكَدْ رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ تَكْذِبُ، وَأَصْدَقُهُمْ رُؤْيَا أَصْدَقُهُمْ حَدِيثًا، وَرُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنْ النُّبُوَّةِ"[١٤].

---

[١٤] فەرموودەیەکی صەحیحە. بوخاری لە (صحيح البخاری)(٧٠١٧) لە ڕێی عەوفی کوڕی ئەبی جەمیلەی ئەعرابییەوە ئەویش لە محمدی کوڕی سیرینەوە. وە موسلیم لە (صحيح المسلم) (ژ٢٢٦٣)، وە ئەبو داود

واتە: لە ئەبو هورەیرەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێ: گەر کات و زەمەن لە یەکتری نزیك کەوتنەوە ئەوە خەوی ئیماندار درۆی تێدا نابێ، جا ڕاستترین خەویان ڕاستگۆترینیانە لە قسە، وە خەوی ئیماندار چل و شەش بەشی وەحی پێغەمبەرایەتیە.

واتە: دەچێتە ناو لەوحەی دڵ و ڕووح لەوێ شتەکانی پێ نیشان دەدرێت و دەبیستێ.

---

لە (سنن ابي داود) (ژ٥٠١٩)، وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٤٢٣) وە (ژ٢٤٤٤) لەڕێی ئەیوبی سەختیانیەوە (سنن ابن ماجة بتحقیق الشیخ شعیب الأرنؤوط)(ب٥/ل٦٩/ژ٣٩١٧).(٣٩١٨).

ئەمان وریابن خەوی خراپ مەگێڕنەوە واتە: ئەو خەوەی کە لە لەوحەی دڵ و ڕووح دەیبینن نەك خەوی لەوحەی نەفس و عەقڵ چونکە بشی گێڕیەوە هیچ لە مەوزوع ناگۆڕێ بەڵام دووانەکەی تر چۆن باسی بکەی و تەعبیرێکی ڕاستی بۆ بکرێ ڕێك لەگەڵ قەدەر تەفاعول دەکات شتەکە دێتە بوون، چونکە لەوحولمەحفوز قەدەرێکی کراوەیە لەبەردەمی مرۆڤەکان نیەت و قسەو کردارەکانیش کۆدن بۆ دروست بوونی قەدەرەکە بە ویستی خودا. بۆیە وریابە هەتا پێت دەکرێ خەوە خراپەکانی لەوحەی دڵ و ڕووح باس مەکە چونکە ئەوە لەولحمەحفوزە پێت نیشاندراوە بەشێوەیەکی عەمەلی وەکوو ئەوە وایە چووبێتیە ناو

میمۆری. بەڵام خەوی چاکیش جگە لە خۆشەویستانت نەبێ باس مەکە بۆ کەس لەبەر چاو پیسی، بۆیە ئاگاداری ئەمەش بە چونکە یوسف پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێ بەهۆی گێڕانەوەی خەوەکە چی بەسەر هات. وە ئەم بەسەر هاتەش بخوێنەوە زیاتر تێدەگەی.

ئیبن و حەجەری عەسقەلانی بە سەنەدێکی حەسەنەوە لە دارەمیەوە نەقڵی کردووە کەوا سلێمانی کوڕی یەسار لە عائیشەوە گێڕاویەتیەوە کەوا ئافرەتێك هەبوو لە شاری مەدینە پیاوێکی بازرگانی هەبوو بەهۆی بازرگانیەکەوە دەمایەوە لە شوێنەکان،

ئەوەبوو ئافرەتەکە هاتە لای پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم، وە گوتی: پیاوەکەم لێرە نیەو بە دووگیانی منی بەجێ هێشتووە، جا لە خەودا بینیم کۆڵەگەی ماڵەکەمان شکا، وە پاشان منداڵێکی بوو یەك چاوی هەبوو، واتە چاوێکی کوێر بوو، سەروەریشمان فەرمووی: خێر دەبێ و بە صالحی دەگەڕێتەوە ان شاء الله، وە منداڵێکی چاکیشت دەبێ، جا دوو جاران چووە لای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بۆ ئەوەی تەفسیری خەوەکەی بۆ بکات، جاری سێیەمیش چوو بەڵام لەوێ نەبوو (ڕەنگە سێ جاران ئەو خەوەی بینیبێ بۆیە گەڕابێتەوە) کەچی پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم، لە هەر دوو جارەکە

بەچاکی بۆی تەفسیر کردو لێکدانەوەی حەقیقەتی خەوەکەی بۆ نەکرد چونکە دەیزانی مانای خەوەکە چیە بۆیە ئەو دەیویست قەدەرەکەی بۆ بەچاکە بگۆڕێ، ئەوەبوو ئافرەتەکە لە جاری سێیەمدا هاتەوە لای پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم بەڵام ئەمجارەیان لەوێ نەبوو ئەویش پرسیاری لەبارەی خەوەکەی لە دایکمان عائیشە کرد، ئەویش پوختە ڕێك تەفسیرە حەقیقیەکەی بۆ کردو گوتی: ئەگەر خەوەکەت ڕاست بێ ئەوە پیاوەکەت دەمرێ، وە منداڵێکی فاجرو خراپیشت دەبێ، ئەویش بەستەزمانەی دانیشت و دەستی بە گریان کرد، لەوکاتەش سەروەرمان هاتەوەو فەرمووی: لەسەرخۆبە

ئەی عائیشە ئەگەر خەونتان بۆ موسڵمانێك لێكدایەوە ئەوە لێكدانەوەیەكی چاكی بۆ بكەن، چونكە بەگوێرەی لێكدانەوەی خاوەنەكەی دەردەچێ و دەبێتە واقیع[15].

[15] ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ : "سەنەدەكەی حەسەنە".
(فتح الباری شح صحیح البخاری)(ب١٢/ل٤٣٢).

**خەوەکانی خۆت بۆ خۆت لێکی دەرەوە.**

**ئەمانەی خوارەوە ڕێسایەکن هەوڵدە لەبەریان کەی.**

(عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّي اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -: "اعْتَبِرُوهَا بِأَسْمَائِهَا، وَكَنُّوهَا بِكُنَاهَا، وَالرُّؤْيَا لِأَوَّلِ عَابِرٍ)[١٦].

---

[١٦] سەنەدەکەی زەعیفە لەبەر زەعیفی یەزیدی ڕەقاشی ـ کە ئیبن و ئەبانە، ئیبن و ئەبی (مصنف ابن ابي شيبة)(١١/ ٧١)، وە ئیبن و ئەبی عاصم لە "الأوائل" (ژ١٦٩)، وە ئەبو یەعلای موصڵی لە (مسند ابی یعلی" (ژ٤١٣١) لەڕێی ئەعمەشەوە گێڕاویەتەوە، ئەمە وتەی شوعەیب ئەڕنائوطە، بڕوانە(سنن ابن ماجة بتحقيق الشيخ شعيب الأرنؤوط)(ب٥/ل٦٧/ژ٣٩١٥).

واتە: لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم، دەفەرمووێ: خەون بەگوێرەی ناوی کەسەکانی ناو خەوەکە لێکبدەنەوە، وە ناسناو و کونیەکەشی بە هەمان شێوە، وە خەویش بۆ یەکەم کەسی خەون لێکدەرەوەیە.

وە لە ئیبن و عەباسیشەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم بە حەزرەتی ئەبو بەکری فەرموو: لێکدانەوەکەت هەندێکیان پێکاوتە، وە لە هەندەکەی تریشدا هەڵەی، بۆیە بوخاری ئەوەی کردووەتە بەڵگە کەوا خەون لێکدانەوە

بۆ یەکەم کەسی لێکدەرەوە نیە ئەگەر لێکدانەوەکەی پێکاو و تەواو نەبێ.

## ڕێساکانی خەون لێکدانەوە

لەوحەکانی ژوورەوەت وەکوو ئاوێنە وایە، ئیتر بەگوێرەی ئەم ئاوێنەیە خۆت لە جیهانی خەودا دەبینی، وە هەستە پێش وەختەکانیش پەیوەندی بە لەوحەی دڵ و ڕووح و پاکی نەفسەوە هەیە.

١_ هەر کاتێك کەسێکت نە دەناسی لەخەو ئەوە بەڵگەیە لەسەر نەفسی خۆت.

٢_ ڕاکردن لەخەودا لە شتێك ئەوە نیشانەی ئەمین بوونە لەو کەسە.

٣_ منداڵی مەلۆتکە لەخەودا نەفسی خۆتە.

٤_ تەقەکردن خەبەرە.

٥_ لە شوێنی بەرز بوون و فڕین نیشانەی هیممەت و ورە بەرزی تۆیە.

٦_ شەڕکردن لەخەودا لەگەڵ کەسێك نیشانەی دۆستایەتیە لەگەڵ ئەو کەسە.

٧_ بەرد هاوێشتن، نیشانەی حەسادەت و جوێن و قسە پێ گوتنە.

٨_ ئەگەر مردووتان بینی لەخەودا ئەندامێکی لە ناوکی بەرەو سەرەوە ئازاری هەبوو یاخود نەقسێکی هەبوو نیشانەی ئەوەیە یەکێك لە کەسە نێرینەکانی ئەو مردووە کێشەیەکی هەیە یاخود گرفتاری بەڵایەك دەبێت، وە لە ناوکیش بەرەو خوارەوە نیشانەی مێینەکانی ئەو کەسەیە.

٩_ وە بەگوێرەی ناوی کەسەکان خەوەکە لێکبدەرەوە، بۆ نموونە کەسێکت بینی ناوی بەڵێن بوو، جا بەگوێرەی حاڵی ئەو کەسە کە ناوی بەڵێنە تۆ لەسەر بەڵێن و پەیمانی خۆتی ئیتر گشت ناوێك لەسەر ئەم بنەمایە لێکبدەرەوە. بۆ نموونە: کەسێك ناوی مەحمودە، تۆش لە خەودا مەحمودت بینی، ئیتر ئەو محموودیەتە کە پەیوەندی بەسوپاسگوزاری یاخود ژیانێکی سوپاسکراو چاکی تۆ یاخود ناسوپاسگوزاری تۆوە هەیە، ئەوە دەوەستێتە سەر حاڵی خۆت، زۆربەی هەرە زۆری جارەکان پەیوەندی بەو کەسەوە هەر نیە کە تۆ بنیوتە، چونکە خەون کۆدە،

مەگەر فەرمانێکت پێ کرابێ کە بەو کەسە بڵێی.

١٠_ جوڵانەوە لەناو نوێژ لەخەودا نیشانەی لەقین و بێ هێزی دینداریە.

١١_ بینینی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نیشانەی ئاوێنەی ئەو کەسەیە بەگوێرەی حاڵی ئەو کەسە شکڵ و وێنەی دەردەچێ. بۆ نموونە لەوانەیە جاری وایە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شۆڕتی لە پێدابێ. ئیتر بەگوێرەی نەقسی کەسەکەیە، واتە: مەرج نیە ئیللا بە شێوەی نورانی و جەماڵ و کەماڵەوە ببیبینێ، ئەگەر کەسێکیش بەو جۆرە بینی نیشانەیەکی چاکە. واتە: ئەو

کەسەش کە بەو شێوازە ناخۆشە پێغەمبەری خودا دەبینێ زۆر جاران کەسێکی دڵپاك و دیندارە بەڵام نەقسێك لە حاڵی هەیە یاخود دووچاری دەردێك بووە یاخود دووچاری دەردێك دەبێ.

١٢_ ڕوو لە قیبلە نەبوون لەناو نوێژ نیشانەی بێ ئیمانی یاخود بێ صەوابی و پووچی مەزهەب و ئەفکارەکەیەتی لەو ڕێگایەی کە گرتوویەتە بەر.

١٣_ کون بوونی سەقفی ماڵ نیشانەی دینداری ئەو کەسەیە.

١٤_ بینینی دەجاڵ نیشانەی بینین و هامۆشۆکردنی درۆزنانەکانە.

١٥_ بینینی محمد المهدی نیشانەی شوێنکەوتنی کەسێکە کە لەزاهیردا مەهدیەکی مەعنەویە بۆ ئومەت.

١٦_ بینینی پیرە ژن و پیرە مێرد نیشانەی دونیایە.

١٧_ بینینی ئافرەت لەخەودا دونیایە، وە بەپێچەوانەشەوە بینینی پیاوان لە لایەن ئافرەتانەوە.

١٨_ هەنگاو نان لەخەودا نیشانەی کاروبارە.

سەیارەو مانتۆرو پایسکل و ئەم جۆرانە نیشانەی کاروباری دونیای ئەو کەسەیە. بۆ نموونە: لە خەویدا پاسکیل لێ دەخورێ و

هەست دەكات ماندووە، جا حاڵی دونیای ئەو كەسە وایە كەوا ماندووە لەكاری دونیا یاخود ئەو كارەی كە دێتە پێش.

١٩_ بینینی خوای گەورەو چۆنیەتیەكەی لە جوانی و ناشیرینی نیشانەی ئیمانی ئەو كەسەیە، چونكە خوای گەورە جەستەو جسمانیەت نیە.

٢٠_ چوون بۆ كەعبە نیشانەی چوونە بەراستی یاخود گەیشتنە بەمرازو مەقصوود.

٢١_ گوێبیستی قورئان لەخەودا یاخود بانگدان نیشانەی بانگەوازی دینە.

٢٢_ بروسك و هەوری ڕەش و بارانی بەلێشاو نیشانەی بەڵاو موسیبەتە.

٢٣_ مەلەکردن لە ئاوی بەحر نیشانەی زانستە، وە نیشانەی زیرەکیە لەکاروبار بەڕێوەبردنی دونیایی، وە جاری واش هەیە بە دونیا لێکدەدرێتەوە.

٢٤_ چوونە بازاڕ لە خەودا مزگەوتە، چونکە مزگەوت شوێنی بازرگانیە بۆ دوارۆژ، وە کەم جارانێکیش بە مانای دونیا لێکدەدرێتەوە، تەبعەن ئەمە بۆ ئیماندارەکان، بەڵام بۆ فاسق تاوانبارو مونافیق و کافرەکان هەر دونیاکەی خۆیتیان و لە بازاڕی دوارۆژ مایە پووچ و موفلیس و بێ زادو زەخیرن. والله اعلم

# هەستی پێش وەختە

لە سەدەی بیست و یەك مولحیدەکان ئامێرێکیان دروستکرد بۆ خەون بینین، تا ئەو کەسە بە ئارەزووی خۆی خەون ببینێ، بەڵام ئەوان بێ خەبەرن لەوەی کەوا ئەو ئامێرە تەنیا بۆ لەوحەی مێشکە کە بیرکردنەوەیە، ئەمەش هیچ ئازایەتی نیە، ئەو خەوەی ئەوکەسە دەیەوێ لە ڕێی ئامێرەکەوە لە مێشکی دروستی دەکات، ئەمانە تا ڕۆژی دووایی هەوڵی ئەوە بدەن تەحەککوم لەسەر لەوحەی دڵ و ڕووح و پاکی نەفس بکەن ناتوانن، چونکە پەیوەندیەکی تۆکمەیان لەگەڵ خوای مەزن هەیە، ئەو هەستە پێش وەختانەی

که لەوێوە دێن هەرگیزاو هەرگیز ناتوانن ئیبداعی لەم جۆرە بکەن، چونکە هەستی پێش وەختە دەرخراوی نهێنی قەدەرە، قەدەریش تەنیا خودا دەیزانێ، وە هەستی پێش وەختەش مەشهوورە لەناو گشت ئەدیانە ئاسمانیەکان بەتایبەتی دینی ئیسلام، هیچ تەفسیرێکی نیە جگە لە شایەتیدان بە واحیدو ئەحەدیەتی خوای گەورەو پێغەمبەرایەتی حەزرەتی محمد صلى الله عليه وسلم، نموونەی هەستی پێش وەختەش بە هەر سێ جۆر دەبێ، واتە: بینینی شتانێك کە هێشتان وجودیان نەهاتووەتە دونیا لە ڕێی:

١ـ لەخەو.

٢ـ لە نێوان خەوو بێداری.

٣ـ لە بێداری.

بۆیە هەر هەوڵێك لە لایەن مولحیدانەوە بدرێ ئەو هەوڵە نەزۆك و پووچە، موسڵمانی ساویلکەش نابێ هەڵخەڵەتێ بە قسە ڕازاوەکانی ئەوان.

# ٩٩ ڕێساکەی دڵ و دەروون

١. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: هەرگیزاو هەرگیز دووچاری گومان خراپی نابێ کاتێ کە وەکوو چیاکانی لێ دێ، چونکە چیاکان لەنگەریان گرتووەو دەڕۆن وەکوو هەور.

٢ـ یەکێ لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە (هەر کاتێ لە ماڵ هاتیەدەر وا نەزانی کە فەزڵ و چاکەت بەسەر خەڵکیەوە هەیە، بەڵکوو وا دانێ کە خەڵك فەزڵ و چاکەیان بەسەرتەوە هەیە، چونکە بە پێچەوانەی ئەمە کار بکەیت ئەوە کەسێکی میننەتکەرو خۆبەگەورەزانی).

٣ـ یەکێ لە وردەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە (کاتێ دەچیتە خوتبە یاخود گوێ لە موسڵمانێك ڕادەگری و شتێکت بۆ باس دەکات وا دانێ کە هیچ نازانی، چونکە لوتکەی خۆبەکەمزانینەو سڕینەوەی خودە لە منێتی ئەمن ئەمندا).

٤ـ لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە (کاتێ دەگاتە مەقامی ذاکر باللە، شەو و ڕۆژ زیکر دەکات، چاوەکانی دەخەوێ، بەڵام دڵی ناخەوێ، ئەمەش لەبەر حورمەتی پێغەمبەری نازدار ﷺ، دەگات بەو مەقامە، چونکە حاڵی ئەو "ئەی عائیشە" چاوەکانم دەخەوێ بەڵام دڵم ناخەوێ").



٥ـ لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە (ئەگەر ڕقت لە کەسێك بۆوە ئەوە بڕۆ خزمەتی بکە، یان هەدیەکی بۆ ببە، ئیتر بەهۆیەوە ئەو ڕق و قینە ڕەش دەبێتەوەو دڵ و دەروون ڕووناك دەبێت و ئاسوودە دەبیٚ).

٦ـ لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە (ئەوەی دەتگەیەنێتە مەقامی ئیحسان زانست نیە، بەڵکوو پاککرنەوەیەتی لە بێزلێکراوەکان، وە زیکرکردن و بیرکردنەوەو هاوەڵایەتی ئەولیای کامڵە، وە بەردەوامبوونیشە لەسەر ئەمە، چونکە پلەی ئیحسان پلەیەکی نەزەڕی نیە، بەڵکوو هەستی یە).

٧ـ لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە چاکەی خۆت بەسەر خەڵکیەوە لە بیر بکەی و هی ئەوانیشت لە بیر بێ، خودا دەفەرمووێ: ﴿ولاتنسوا الفضل بينكم﴾، چاکەی یەکتری لە بیرمەکەن. نەیفەرموو: چاکەی خۆتان لە بیر مەکەن، بەڵکوو هی بەرامبەرەکەتی لێت داوا کرد.

٨ـ له ورده‌كاریه‌كانی دڵ و ده‌روون ئه‌وه‌یه:

گه‌ر پێغه‌مبه‌ریش صلی الله علیه وسلم پێی گوتی: "دوعات بۆ ده‌كه‌م"، تۆ پێی بڵێی دوعاكه‌م هه‌دیه كرد بۆ ئوممه‌ته‌كه‌ت و، ئه‌وان هه‌ڵبژێری به‌سه‌ر پشكی خۆتدا، چونكه (ئیمانی كه‌ستان كامڵ نابێ تا ئه‌وه‌ی بۆ خۆی پێی خۆشه بۆ براكه‌شی پێی خۆش ده‌بێ).

٩ـ لە وردەکاریەکانی جەستەو دڵ و ڕووح و ئەمرو عەقڵ و نەفس و شەیتان ئەوەیە: هەموویان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، جگە لە ئەمر نەبێ کە شەیتان پەیوەندی بەوەوە نیە، چوونکە ڕووح لە عالەمی ئەمرە، عالەمی ئەمریش سیڕڕە تەنها خودا دەیزانێ.

١٠ـ له وردەكاريەكانی دڵ ئەوەيە: كه تاريكەو پێويستی به ڕووناكيه، هەروەك چۆن ژوورەكەت بەبێ كارەبا تاريكەو پێويستت به وايەرو گڵۆپه تا خەتێك ڕاكێشی، بۆيه هەوڵدە وايەری دڵت له وێستگەی دڵی پێغەمبەرەوە صلی الله عليه وسلم ڕاكێشی و گڵۆپەكەشت كه مورشيدی كامڵه داگيرسێنی.

١١. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
هەرگیز نازانێ بێ هیوایی چیە کاتێ کە دەگاتە مەعریفەتی ئیلاهی.

١٢. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: گومانی چاك بردنە بەخەڵکی، چونکە گومانی چاك بردن نیشانەی صافی دڵ و دەروونە.

١٣. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کە بە دڵ و دەروونیش خەریکی ژماردنی عەیبی خەڵکی نەبی، چ جای ئەوەی بە زمان دانیشی بیان ژمێری.

١٤. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:

پێت خۆش بێ کەوا هەموو خەڵکی چاکەیان بێتە ڕێ و لە خۆشیدابن.

١٥. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: هەرگیز لێ نەگەڕێی دووچاری دەردی عوجب و کەیف بەخۆهاتن بێ، چونکە شەیتان بەهۆی ئەوەوە بەر لەعنەتی خوا کەوت.

١٦. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: هەرگیز خۆت بەزاناو دانا لە قەڵەم نەدەی، چونکە ئەوەی حەزرەتی موسای تاقی کردەوە بەرامبەر بە حەزرەتی خدر (سەلامی خوایان لەسەر بێ) تۆش تاقی دەکاتەوە بەرامبەر عەبدێکی تری.

١٧. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:

هەر کارێکی خراپ کە داوات لێ دەکەن تۆ نەیکەیت و لە دژیدا تێکۆشان بکەی، چونکە ئەوەی تۆ ڕزگار دەکات تێکۆشانە نەك تەسلیم بوون.

١٨. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
ئەگەر خودا سزای وەلیەکی خۆی بدات لە دونیا ئەوە سزاکەی پچڕانی زیکرو هاودەمی خۆیەتی.

١٩. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: لە پلەی کەماڵی بوونیدا هەرگیز لا ناکاتەوە بە لای غەیری خۆشەویستیدا، چونکە ئەوەی خۆر ببینێ بە شوێن و مانگ و ئەستێرەدا ناگەڕێ.

٢٠. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: خۆت بە خزمەتکاری خەڵکی بزانی، نەك خەڵکی بکەیتە خزمەتکاری خۆت، چونکە زەقترین سیفەتی فیرعەون و هامانەکانە، بۆیە خۆتیان لێ بە دوور بگرە.

٢١. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: هەموو دەمێ هەوڵ بۆ ئەوە بدەی ئوممەت یەك بخەی، چونکە ئەوەی دیوارەکانی ڕاگیر کردووە لەسەر یەکەوەبوونی خشتەکانە، نەك پەرتەوازەییان.

٢٢. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: مەرج نیە ئەوەی تۆ دەتەوێ ئیللا دەبێ ئەوەت بۆ ببێ، چونکە کەشتیەکانیش حەز بەو ئاڕاستەیە ناکەن کە باکان دەیان بەن.

٢٣. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کە دەگاتە پلەی کەماڵی مەعریفەت ئیڕادەی هاوتایە لەگەڵ ئیڕادەی پەروەرێنەری.

٢٤. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: پەردەپۆشکراوەو لا ناچێتن ئیللا بەم چوارشتە نەبێ: زیکر کردن لەسەر بیرکردنەوە، بیرکردنەوەش لەسەر زیکر کردن، هاوەڵایەتی کردنی مورشیدی کامڵ، مانەوە لەسەر ئەو حاڵە تا دەمری.

٢٥. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: ناگاتە پلەی حەوانەوە تا یەقینی لە لا دروست دەبێ، ئەوەی ڕوو نەدات ڕوو نادات، ئەوەیشی ڕوویدات هەر ڕوو دەدا.

٢٦. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:

ناگاتە پلەی حەوانەوە هەتا قەناعەتی تەواوی لە لا دروست دەبێ بەوەی کە ئەوحاڵەی ئەو تێیدایە جوانترین قەدەرە کە بۆی ئەندازەکراوە.

٢٧. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
ناگاتە پلەی عارف باللە هەتا لە حاڵی نەداریشی زەڕڕەیەك ناشکوری بەسەریدا گوزەر ناکات و وێڕای ئەوەش لە لوتکەی سوپاسگوزاریدایە.

٢٨. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: هاوەڵی خراپ تیشکە پیسەکەی ژوورەوەت تاریك دەکات، هەروەکوو چۆن دوو کەڵی ڕەش جێگا تاریك دەکات.

٢٩. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: لە پلەی کەماڵی مەعریفەتدا هەر شتێکی کە بۆ ئیلهام دەکرێ بەرامبەری دەکات لەگەڵ شەریعەت، ئەگەر هاوتابوو کەڕامەتە، ئەگینا فێڵی شەیتانە.

٣٠. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: لە یەك حاڵدا جێگیر نابێ و دووچاری شپرزەیی دەبێ، ئەمەش بەهۆی بیرکردنەوەی نەرێنی و کاریگەری واقیع و هاوەڵ و خوێندنەوە.

٣١. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:

لە کەماڵی مەعریفەتی ئیلاهیدا زۆر خاکی دەبێ بەجۆرێ دەبێتە خاك بەرامبەر کائینات.

٣٢. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
لە کەماڵی مەعریفەی ئیلاهیدا دونیا نەماوە
لە نێویدا، بەڵکوو کەوتووەتە نێو دەستی.

٣٣. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
کە داخڵی ویلایەت بوو ئیتر ناترسێ و خەفەتبار نابێ بۆ ئەحواڵی دونیا لە کاتێکدا کە خەڵکی دەترسێن و خەفەتبار دەبن.

٣٤. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
هەر کاتێ خوای ناسی خۆی دەناسێ، وە کاتێکیش خۆی ناسی خەڵك دەناسێ.

٣٥. له ورده‌كاریه‌كانی دڵ و ده‌روون ئه‌وه‌یه: كه گه‌یشته مه‌عریفه‌تی ئیلاهی ئیتر له زیندانیش بێ حاڵی ده‌بێته جه‌ننه‌ت، وه گه‌ر نه‌شگات به‌و مه‌عریفه‌ته ئیتر له جه‌ننه‌تی دونیاشدا بێ حاڵی هه‌ر دۆزه‌خه.

٣٦. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
ئەگەر خودای دۆزیەوە دونیا بە پڕایی خۆی بۆی دێ، وە گەر نەیشی دۆزیەوە ئیتر زۆر ماندووی دەکات.



٣٧. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: چی ون دەکات کاتێ خودا دەدۆزێتەوە، وە چی دەدۆزێتەوە کاتێ ئەو لە دەست دەدات.

٣٨. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: ناگاتە لوتکەی مەعریفەت تا تووڕەیی خۆی نەخاتە ژێرەوەی ژێرەوەکان.

٣٩. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کە دەگاتە مەقامی هاودەمی بوون بەخوای مەزن، قەراری نابێ لای هیچ کەسێ جگە لەو نەبێ، چونکە نامەکانی ڕێگە بەوە نادەن قەرار بگرێ و هاودەمێکی تر هەڵبژێرێ.

٤٠. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:

لە مەقامی فەنای خۆشەویستدا وێرانە، هەروەکوو چۆن پاشاکان کە دێنە وڵاتێك ئەوەی تێیدایە وێرانی دەکەن.

٤١. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
لە مەقامی مانەوە لەگەڵ خۆشەویستدا، ویست و میهرەبانی و ئارامی و سەکینەت و هاودەمی و زیکرو فیکرو پەیوەندی و گەیاندن شوعلەیەکەن دەردەکەون لە نێویدا.

٤٢. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کە دەگاتە مەعریفەتی ئیلاهی لە لوتکەی غیرەت و جوامێریدایەو ترسی دروستکراوان جێگای تێدا نەماوەتەوە.

٤٣. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کاتێ کە دەگەشێتەوەو پێ دەگات هەر لاکردنەوەیەك بکات بەلای غەیری ئەودا شەقێکی میهرەبانی بەردەکەوێ.

٤٤. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: هەر پەیوەندیەك لەگەڵ شەیتان ئاکامەکەی باش نابێت، چونکە لە ڕێی کۆدەکانیەوە کۆنترۆڵت دەکات، جا گەر شتێکی واش ڕوویدا دەبێ بەسێ هێما کۆدەکان بشکێنی: شەرع و، عەقڵ و، ئیلهامی دڵ.

٤٥. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:

زۆر ماندوون و دووچاری پێکپڕژان و شپرزەیی بوونە ئیمڕۆکە، ئەمەش چارەسەر نابێ ئیللا بەو دوو شتە نەبێ: حەقیقەتێکی نەزەڕی، وە حەقیقەتێکی عەمەلی، جا نەزەڕیەکە بەدەست نایێ ئیللا بەدەستگرتن بەیەکێ لەو چوار مەزهەبە نەبێ، وە عەمەلیەکەش بەدەست نایێ مەگەر بەو چوار شتە نەبێ: هاوەڵایەتی موڕشیدی کامڵ، زیکر کردن، بیرکردنەوە، مانەوە لەسەر ئەو سیانە.

٤٦. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: هەرچی توانای هەیە بیخاتە گەڕ لە ڕێی خوێندنەوەی هەزارەها کتێب تاوەکوو بە یەك حەقیقەتی عەمەلی بگات ناتوانێ، چونکە حەقیقەتی عەمەلی دەرگاکەی قوفڵەو کۆدی خۆی هەیە بە کتێب نابێتەوە.

بەڵگەشمان فەخری کائیناتە کە بە کتێب خوێندنەوە نەگەیشت بەو حەقیقەتە عەمەلیە....

٤٧. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: حاڵەت هەیە دووچاری تەنگی دەبێ بەهۆی حیکمەتێکەوە لە باری تەعالاوە، جاری واش هەیە فراوان و شادومانە، بۆیە هەرگیز خەفەتبارمەبە، هەتا مردن لەو دوو حاڵەدا گوزەر دەکەی.

٤٨. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کاتێ کە نوورانی بوو، وە هەر یەکێك لە نەفس و دڵ و ڕووح و عەقڵ بوونە یەك لە نورانی بونیاندا ئەوە خودا دەردەکەوێ بە دەرکەوتنی جەمال و جەلالی سیفاتی بەرزی، ئەمەش مەقامی لوتکەی ئیحسانە کە خۆشەویست دەفەرمووێ: (خودا بپەرستە بەجۆرێ وەك ئەوەی ئەو ببینیت...).

٤٩. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: لە لوتکەی عیرفاندا هەرگیز تەصەوری زاتی خوا ناکات، وە لەو مەقامەدا سەرسام و دۆشداماو و بێ دەسەڵاتە لە نهێنی زاتی خوا چونکە دەزانێ ﴿**ليس كمثله شيء وهو السميع البصير**﴾، هیچ شتێك وەکوو خودا نیە، وە زاتێکیشە بیسەرو بینەرە.

٥٠. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: هەر خاتیرەیەکی خراپ کە بەسەریاندا گوزەر دەکات دەرحەق بە خوای مەزن و خۆشەویستەکەی یاخود موسڵمانێك ئیللا پووچی ئەو خاتیرەیەی پێ نیشان دەدرێتەوە.

٥١. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:

گەر لە مەقامی سەرەتا دووچاری دەردی وەسوەسەی ڕیا بوو ئەوە چارەسەریەکەی تەنها زوهدو دونیانەویستیە، گەر ئەمەی کرد ڕاستەوخۆ نامێنێ.

٥٢. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
دەردی کەیف بەخۆهاتن چارەسەریەکەی تەنها
لە بیرنەکردنی فەزڵ و چاکەی خاوەن چاکەیە.



٥٣. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:

لە مەقامی مەعریفەتی بوونیدا هەرگیز کەیف خۆش نابێ بەڕازاوەکانی دونیا.

٥٤. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: نەجوڵانی زمان بەڵگەی قووڵی بیرکردنەوەیە، جوڵانیش جێگیر نابێ هەتا دڵ و نەفس جێگیر نەبێ، وە نەفس و دڵیش جێگیر نابێ هەتا ئیمان جێگیر نەبێ.

٥٥. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
لە مەقامی مەعریفەت بەخوادا مەدح و زەمی خەڵکی لە لا وەکوو یەك دەبێ.

٥٦. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: لە مەقامی (عارف باللە)دا لە لوتکەی ئەدەبدایە، ئەدەب لەگەڵ خوا، ئەدەب لەگەڵ خود، ئەدەب لەگەڵ خەڵك.

٥٧. له وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: که دەگاته مەقامی ڕاستگۆیەتی بۆ هەر خزمەتێك که داوای لێ دەکرێ بۆ ئەنجامدانی مادەم شەرعی بێ پێی خۆشه ئەگەرچی نەشی کات، وه هەست به تەنگیش ناکات.

٥٨. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
ئاڕاستەکەی بۆ لای یەك مورشیدە، بە وێنەی
ئاڕاستەی نوێژ بەرەو کەعبە، وێڕای ئەوەش
گشت مورشیدەکانی تری خۆش دەوێ،
بەوێنەی گشت مزگەوتەکان.

٥٩. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: ڕێگا بڕینی بۆ لای خوای گەورە بە مەقامی ڕەحمانیەت بەخودا زۆر فراوانترو تیژترو سەلامەتترە لە مەقامی مەحەببەت، چونکە ئەوەی گەردوونی ڕاگیرکردووە ڕەحمانیەتە نەك مەحەببەت **(إن رحمتي وسعت كل شيء)**، میهرەبانی من هەموو شتێکی گرتووەتەوە.

**(أُمَّتِي أمَّتِي)** ئوممەتەکەم ئوممەتەکەم.

٦٠. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کاتێ لە مەقامی سەرەتادا کە دووچاری وەسوەسە دەبێ، ئەوە چارەسەریەکەشی تەنها زانست و گوێ پێ نەدانە.

٦١. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: بۆئەوەی بگاتە لوتکەی بەرزترینی پایەکانی مەعریفەت بەردەوام هەژاری و بێ دەسەڵاتی خۆی بەرامبەر بە صەمەدانیەتی پەروەرێنەر دووپات دەکاتەوە.

٦٢. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کاتێ کە سنووری خۆی دەناسێ ئینجا دەزانێ خودا خودایەو عەبدیش عەبد.

٦٣. له وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: گەر لە مەقامی مەحەببەت بێ ئەوە جەمالی خودا بەسەر دڵیدا زاڵە، وە گەر لە مەقامی ڕەحمانیەت بەخوداش دابێ ئەوە دەرکەوتنی جەلالی بەسەردا زاڵە (**الرحمن علی العرش استوی**) خودای میهرەبان ئیستیوای کردووە بەسەر عەڕشدا. (**ما کذب الفؤاد ما رأی**) دڵی درۆ ناکات لەوەی کە بینیویەتی.

٦٤. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: بڕینی حەوت جۆرەکانیان نیشانەی کامبڵوونی ئەو کەسە دەردەخەن، کە ئەمانەن (دڵی مونیب، دڵی سەلیم، دڵی زاکیر، دڵی میهرەبان، دڵی بەغیرەت، دڵی ئامادەو دوور لە بێ ئاگایی، دڵ ڕاستگۆ)، وە نەفسی ئەمارە، نەفسی لەووامە، نەفسی موڵهەم، نەفسی موطمەئین، نەفسی ڕاضیە، نەفسی مەرضیە، نەفسی کامیلە.

٦٥. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
کاتێ کە دەگاتە مەقامی مەعریفەت باللّٰە
خۆی سەرقاڵی شتی بێ نرخ ناکات بە تایبەتی
جیهانی جنۆکە، چونکە دەزانێ سیستەمی
مرۆڤ زۆر لە سیستەمی ئەوان مەزنترو
بەرێزترە، وە هەروەها پشتیش بەوان
نابەستێت و تەوەککولی خۆی تێکنادات
بەخوای مەزن، چونکە ئەوەی لەو مەقامەدا
بێ یان ساحیرە یان موسڵمانێکی جاهیلە
بەخوا ﴿**اذ یقول لصاحبة لاتحزن إن اللّٰه
معنا**﴾. حەزرەت بە صەددیقی فەرموو:

غەمبار مەبە، چونکە خوای گەورەمان لەگەڵە.

٦٦. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کە دەگاتە مەقامی (لايَعْنِي)، پەیوەندی بە منەوە نیە، دڵی سەرقاڵ ناکات بە شتانێك کە پەیوەندی بەوەوە نیە.

٦٧. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:

لە مەقامی ڕاستگۆییدا مەحاڵە بە ئەندازەی زەڕڕەیەکیش درۆ بکات، چ جای ئەوەی بە وتەو کردار بیکات.

٦٨. له وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:

له مەقامی مەعریفەتدا گەنجینەکەی قەناعەتە، تەماشای سەرووی خۆی ناکات، بەڵکوو تەماشای ژێرەوەی خۆی دەکات، هەر بۆیەش بە ئارامی و دەم سوپاسەوە خەوی لێ دەکەوێ (**لنحيينه حياة طيبة**)،وم بە ژیانێکی خۆش دەیژیێنین.

٦٩. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:

لە مەقامی کامڵبووندا نەئازاری خۆی دەدات، وە نەئازاری خەڵکیش (المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده)، موسڵمان ئەو کەسەیە کە خەڵکی لە دەست و زوبانیەوە سەلامەت بن، (لاضَرَرَ وَلا ضِرار)، نەزیان بەخۆت بگەیەنە، وە نەبەخەڵکیش. لەسەرووی ئەوەش مەقامێك هەیە کە بەدڵیش نابێ ئازاری خۆی و خۆشەویستەکانی بدات بەتایبەتی مورشیدەکەی، چونکە گەر وابکات شەقێکیش ئامادەیە بۆی.

٧٠. له وردەكاریەكانی دڵ و دەروون ئەوەیە: ئامێری تیشك و سۆنەرو هتد توانای بینینی نادیارەكانیان هەیە، ئەی چی بەو دڵ و دەروونە نوورانیە كاتێ كە دەگاتە پلەی فیڕاسەت بە نووری خوا شتە نەبینراوەكان دەبینێ، ﴿**ان في ذلك لآيات للمتوسمين**﴾، ئەمە نیشانەگەلێكن بۆئەوانەی كە خاوەنی فیڕاسەتن. حەزرەتیش فەرموویەتی: (دواوەی خۆم دەبینم هەروەك چۆن پێشە خۆم دەبینم).

٧١. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: شتێك هی خۆی نەبێ هەرگیز خۆی ناکاتە خاوەنی، ئەو شتەش چ وتە بێ چ ماددە.

٧٢. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
لە پلەی کەماڵیدا مەحاڵە ڕێگە بدات گوێ لە غەیبەت ڕابگرێ و کاتی خۆی پێ بەفیڕۆ بدات، چونکە کاتەکانی لە ئاڵتوون گرینگترەو سەرقاڵی پاشای ئەزەلی و ئەبەدیە، ئەوەی لەو مەقامە بەرزەشدا بێ شوورەییە خۆی دابەزێنێتە مەقامێکی سەرەتا.

٧٣. له وردەكاریەكانی دڵ و دەروون ئەوەیە:
ئەگەر مەقامەكەی عابید بێ خەریكی خوایە جل جلالە، وە ئەگەر مەقامەكەشی عاریف بێ ئەوە خەریكی خواو خەڵكە، بۆیە هەموو عابیدێك عاریف نیە، بەڵام هەموو عاریفێك عابیدە.

٧٤. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کە پێگەیی و کامڵ بوو هەموو ژیانی عیبادەت و یادی خوایە، بگرە خەوەکانیشی (ئەی عائیشە: چاوەکانم دەخەوێ بەڵام دڵم ناخەوێ).

٧٥. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: لە یەکێ لە مەقامەکان گەر بە فیکریش خەیاڵی شتێکی شەهوانی بکات ئەوە میسالی شەهوانیەکەی لەسەر وێنەی کەس و کارەکانی خۆی بۆ دێتەوە، ئەمەش وانەیەکی گرینگە بۆی تاوەکوو خەڵکی بەکەس و کاری خۆی بزانێ.

٧٦. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە:

بە تێکڕا پەردەکانی لاناچێ، بەڵکوو دەگەڕێتەوە سەر پەیوەندی و حوزورو زیکرو فیکری کەسەکە لەگەڵ خوای گەورە، ئیتر بەپێی مەقامەکان و ئەحواڵەکان سینگی بۆ فراوان دەکرێ هەتا گشت بوعدەکانی بۆ دەبێتەوە، (رب اشرح لی صدری) حەزرەتی موسا موریدبوو هەربۆیەش فەرمووی: خودایە سینگم شەڕحکە. (ألم نشرح لك صدرك)، بەڵام فەخری کائینات موڕادبوو هەر بۆیەش

خوای گەورە پێی فەرموو: ئایە ئێمە سینگی تۆمان شەرح نەکرد؟!

٧٧. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کاتێ کە لە مەجلیسی ئەولیاکانی خودا دادەنیشێ زۆر بەچڕی چاودێری خۆی دەکات نەوەکا جاسوسی دڵەکان بێنە ژوورەوەو شەرمەزاریان بکەن.

٧٨. له وردهكاريهكانی دڵ و دهروون ئهوهیه: كه دهبێته مورشیدی كامڵ نیهتی (بهخوایه، هی خوایه، بۆ خوایه، لهگهڵ خوایه)، ههرشتێكیش بكات (بهخوایه، هی خوایه، بۆ خوایه، لهگهڵ خوایه)، زهڕڕهیهك پشكی نیه تا بههی خۆی بزانێ، چونكه وا بكات له دوو حاڵهت بهدهر نیه: لوتفی خودا ئاگاداری دهكاتهوهو زیللهیهكی میهرهبانی لێ دهدات. یانیش دهیكهوێنێ و حاڵی سفرِ دهكاتهوه تا ببێته پهندو عیبرِهت.

٧٩. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کە دەچێتە مەقامی مەحەببەت دووچاری شەیدایی و مەستی و شەطەحات و فرمێسك و ناڵەو ئاواتی ویصاڵ دەبێ، جا گەر مورشیدی هەبێ نەقڵی دەکات بەخوا بۆ مەقامێکی تر تا ئارام بێتەوە، ئەگینا مانەوەی لەو مەقامە چارەنووسەکەی ئەوەیە کە بە ئازارەوە سەر دەنێتەوە، چونکە مەقامی عاشقان ڕێگایەکی بەئازارو ناسەلامەت و چەرمەسەری و دەردو بەڵایە.

٨٠. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: لە مەقامی کەماڵدا بێ دەنگیەکەی تێڕامان و فیکرە، گوفتاری دەمیشی کانیاوی حیکمەتە، وجودی ئەمە کەمە وەکوو کبریتی ئەحمەڕە.

٨١. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: بەردەوام حەزی لە ئەمن ئەمنیێتیە، لەوەش نەجاتی نابیٚ تا خۆی لە بیر دەکات و دەبیێتە تۆیەتی تۆ.

٨٢. له وردەكاریەكانی دڵ و دەروون ئەوەیە: دەكرێ ئەو زانستە نەزەرییەی كە تۆ دەیخوێنی ببێتە پەردە لە نێوان خۆت و خودا، هەروەكوو ئەو فەوزایەی كە ئیمڕۆكە هەیە لە جیهاندا، بەمەش تۆ نەگەیشتیتە حەقائیقی حەق و نوور بەڵكوو تەنها تاریكاییت لەسەر تاریكایی زیاد كرد.

٨٣. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: ناگاتە پلەی کەماڵی ئیمان هەتاوەکوو هەواو ئارەزووی شوێن ئیرادەی خاوەن شەریعەت دەکەوێ، وە فەتوا وەرگرتنیشی لە دڵ کاتێ دەبێ کە موافیقی شەریعەت بێ، ئەگینا ئیلهامێکی هەواو ئارەزوو و حەزێکی شەیتانیە.

٨٤. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: بۆئەوەی سەلامەت بێ ئەو شەش شتە زۆر پێویستن: (زیکر کردن، بیرکردنەوە، هاوەڵایەتی ئەولیاکان، کەم خواردن و کەم قسە کردن، مانەوە لەسەر ئەو ئەحواڵانە).

٨٥. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: لە مەقامی کەماڵدا ئەو قەناعەتەی لە لا دروست دەبێ ئەگەر خودا پەردەی غەیبیشی بۆ لابدات تاوەکوو قەدەرێك هەڵبژێرێ بە ئارەزووی خۆی، کەچی تەنها ئەوە هەڵدەبژێرێ کە واقیعی ئێستاکەی لەسەریەتی، چونکە یەکبوونی ئیڕادەیە لە نێوان موڕادو مورید.

٨٦. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: ڕامکردنیان وا ئاسان نیە، هەر بۆیەش پێویستی بە جیهاد هەیە لە دژیان، چونکە فەخری کائینات فەرموویەتی: (ئێوە دابەزین لە جیهادی بچووکەوە بۆ جیهادی گەورە، کە جیهادی نەفسە)، وە (سەرسەختترین دوژمنیشت نەفستە کە لە خۆتدایە).

٨٧. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: هەرگیز لە خۆت ئەمین مەبەو وا مەزانە چارەنووست مۆری لێنراوە بۆ بەهەشت و تەواو، چونکە لە دوای خۆرئاوابوون شەوە، جا لەو شەوە بترسێ نەوەکا خۆری دڵ و دەروونت ئاوابێ و لە تاریکایی شەودا بمێنیتەوە.

٨٨. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: ناگاتە پلەی کەماڵ هەتاوەکوو شیعاری وەکوو فەخری کائینات نەبێ (ئوممەتەکەم، ئوممەتەکەم).

٨٩. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کە هەنگاو و ئیلهامەکانی نەفس و شەیتانی ناسی ئیتر ناکەوێتە نێو تەڵەکەوە، چونکە ڕاوکراو نازانێ تەڵەی بۆ دانراوە ئەگینا نەدەکەوتە نێویەوە.

٩٠. له وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: نیشانەی کەماڵی خۆبەکەمزانی بەوە بناسە ئەگەر منداڵ و پیرو لاو ئامۆژگاری بکەن ئەوە بە سینگ فراوانیەوە وەری دەگرێ.

٩١. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کاتێ کاری بەو زانستە کرد کە فێری بوو ئەوە خوای گەورە زانستێکی تری پێ دەدات کە لەمەو پێش نەیدەزانی، ئەویش زانستی لەدونی ڕەببانیە.

٩٢. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: گەر کامڵ بوو گرینگیەکی زۆر بە پەرستشە دەرەکیەکان دەدات لە نوێژو ڕۆژوو هتد، چونکە ئاو کە لەژێرەوەی بەردەکان هەڵقووڵا ئیتر دێتە سەر ئەرزو دەست بەڕۆیشتن دەکات بۆ سوودی خەڵکی، دڵ و دەروونیش هەروایە کاتێ پڕ لە مەعریفەی ئیلاهی بوو ئیتر ئەندامەکانی دەبنە ئاوێنەی ژوورەوەیان، هەربۆیەش کەسەکان حاڵیان کورتکراوەتەوە لەمانە، یەکەم: دەرەوەو ناوەیان بۆشە، ئەمانە بێ باوەڕەکانن، دووەم: دەرەوەیان بۆشەو

ناوەوەشیان وێرانە، ئەمانە تاوانبارو موجریمە ئیماندارەکانن، سێیەم: دەرەوەیان بەڕووکەش تەواوەو ناوەوەشیان بۆش، ئەمانە دووڕووەکانن، چوارەم: دەرەوەیان تەواوەو ناوەوەشیان وجودی هەیکەلە ئیمانیەکەی هەیە بەڵام دەرگاکانی قوفڵەو تاریکە، ئەمانەش زۆربەی بەناوزاناو عەوامەکانن، پێنجەم: دەرەوەیان تەواوە بەزیادەوەش، ژوورەوەشیان تەواوە، ئەمانەش ئیماندارە عارف باللە کانن.

٩٣. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کە تێکەڵی سیاسەتی ئەم زەمانە بوو ئیتر چوار تەکبیرەی مردنی لەسەر بخوێنە، بۆیە با ئەمە ویردت بێ (أعوذ بالله من الشيطان والسياسة).

٩٤. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: لەگەڵ کێ دانیشێ ڕەنگی ئەو هەڵدەگرێ، بۆیە هەر یەکێ لە ئێوە با سەیر بکات کە لەگەڵ کێ دادەنیشێ و دۆستایەتی کێ دەکات، چونکە هاوەڵ ڕاکێشەرە.

٩٥ـ لە وردەكاریەكانی دڵ و دەروون ئەوەیە: لە كەماڵی مەعریفەتدا مەدح و زەمی خەڵكی لە لا وەكوو یەك دەبێ و گوێی پێ نادات.

٩٦. لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: کە گەیشتە کەماڵ هەرگیز لەبەر نەفسی خۆی تووڕە نابێ و تۆڵەش ناستێنێتەوە، بەڵکوو تووڕەبوونەکەی لە پێناو خواو فروستادەو موسڵمانانە، ئەوەیە عارف باللە.



٩٧ـ لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: ئەگەر وا گومان ببات کە ئەهلی حاڵ و ئەهلی مەقامە لای خودا ئەوە نەقسە لە حاڵی، چونکە مرۆڤ کە کامڵ بوو هەستی وا دەبێ کە لەو هەژارترو بێ دەسەڵاتترو موفلیستر نیە لەم وجودە.

٩٨ـ لە وردەکاریەکانی دڵ و دەروون ئەوەیە: لە کەماڵی مەعریفەتیدا حەز بە لۆمەکردنی خەڵك ناکات و هەرچیەکیش ڕوویدات ئۆف ناکات و بەخێری دادەنێ.

٩٩ـ له وردهكاریهكانی دڵ و دهروون ئهوهیه: كه ئیمانی كامڵ بوو ههست به ئازارهكانی ئوممهت دهكات، ههروهكوو چۆن ههست به ئازارهكانی جهستهی خۆی دهكات كاتێ كه دووچاری دهردو بهڵا دهبێ.

# ناوەڕۆك

پێشەکی ........................... ١

خەون چیە؟.......................... ٥

لەوحەکان .......................... ٣٦

هاتنی ئیلهامەکان .................. ٤٥

بوعدەکان یان لەوحەکان ............. ٤٦

سوودەکانی مورشیدی کامڵ .......... ٥٠

هەر سێ خەڵوەکە (ئەولیاکان، ساحیرەکان،
یۆگا)............................. ٥٣

جۆرەکانی خەون ................... ٥٩

خەوەکانـــــی خـۆت بـــۆ خـــۆت لێکـــی دەرەوە........................... ٧٨

ڕێساکانی خەون لێکدانەوە .......... ٨١

هەستی پێش وەختە ............... ٨٩

نۆهەدو نۆ ڕێساکەی دڵ دەروون ..... ٩٣